
ئایا ئەوەی لە خاچ درا
مەسیح
خۆی بوو ؟

# پێشەکی

ئەم نامیلکەیەم بەتایبەتی بۆ ئەو موسڵمانانە نووسیوە کە بەدوای راستیدا ئەگەڕێن . وە من ئەزانم ژمارەیەکی زۆر لە موسڵمانان لەهەموو جیهاندا بە دوای راستیدا ئەگەڕێن و ئەیانەوێت پێی بگەن . ناوەرۆکی ئەم باسە سەلماندنی لە خاچدانی مەسیحە کە زیاتر لە دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر بووە .

پرسیارە گرنگەکە لێرەدا ئەمەیە ئایا ئەو مرۆڤەی لە خاچ درا بەراستی عیسای مەسیح بوو، ئەوەی قورئان پێی ئەڵێت عیسای کوری مریەم ، یان یەکێکی کە بوو یەزدان دەموچاوی گۆڕی بەشێوەی مەسیح ، دەنگی مەسیحی دایە ، ئەوسا سەربازە رۆمەکان لەجیاتی مەسیح لە خاچیانداو وایانزانی مەسیحە ؟

پرسیارەکە دووبارە ئەکەینەوە : ئایا ئەوەی لەخاچ درا بەراستی مەسیح خۆی بوو ،ئەوەی لە مریەمی داوێن پاک لە دایک بوو ، وە لە ئیسرائیل ژیاو کاری سەرسوڕهێنەری کرد ، بەڵام جولەکەکان گرتیان و دایانە دەستی پیلاتۆسی بونتی والی رۆمانی ئەوەی دوای دادگاییەکی نارەوا دای بە دەستەوە یان یەکێک بوو وەکو ئەو وا بوو ؟

لەو بارەیەوە بەڵگەی مەنتیقی و یاسایی و پەرتووکی زۆر هەیە شایانی بیرکردنەوە و باسکردنە ......بە دڵنیایی هەر

کەسێکی دڵسۆز بەدوای ئەوەدا ئەگەڕێت ، پاش گەڕان و خوێندنەوەی ئەگاتە دوا بڕیار دەربارەی راستی ئەو مرۆڤەی لە خاچدرا لەسەر خاچ .

من ئەم پەیامە ئەخەمە بەردەستی ئەوموسڵمانانەی بەدوای راستیدا ئەگەڕێن، دڵنیام رێنیشاندەری خوێنەران ئەبێت، بۆ زانینی راستی ئەو رووداوە .

هەموو شکۆو ستایشێک بۆ یەزدانی پیرۆزە .

دوکتۆر لەبیب میخائیل

ئەمریکا

مانگی ئابی **٢٠٠١**

**کێ بوو لەسەر خاچەکە لە خاچدرا**

**مەسیح یان ئەوەی لە مەسیحی ئەکرد ؟**

قورئان دەربارەی جولەکەکان و قسەکانیان کە مەسیحیان لەخاچ داوە ئەڵێت : (وَقَوۡلِهِمۡ إِنَّا قَتَلۡنَا ٱلۡمَسِيحَ عِيسَى ٱبۡنَ مَرۡيَمَ رَسُولَ ٱللَّهِ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَٰكِن شُبِّهَ لَهُمۡۚ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ ٱخۡتَلَفُواْ فِيهِ لَفِي شَكّٖ مِّنۡهُۚ مَا لَهُم بِهِۦ مِنۡ عِلۡمٍ إِلَّا ٱتِّبَاعَ ٱلظَّنِّۚ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينَۢا (١٥٧) بَل رَّفَعَهُ ٱللَّهُ إِلَيۡهِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمٗا) . سوره النساء (١٥٧و ١٥٨) . ئەم دوو ئایەتە لە هەمان کاتدا دان پیانان ودان پیا نەنانی راستی و لە خاچدانی مەسیح و هەستانەوە و بەرزکردنەوەیەتی بۆ ئاسمان ...... ، دان پیانەنانەکە لەم ووشانەدا دەرئەکەوێت نەیان کوشتوو لەخاچیان نەدا بەڵام لەشێوەی ئەو یەکێکیان دانا ،هەروەها دان پیانانەکە لەهەمان ووشەکاندا دەرئەکەوێت کەوا یەکێک کوژرا و لەخاچدرا ، بەڵام مەسیح نەبوو بەڵکو لە شێوەی مەسیحدا بوو .

گەر ووتەکانی قورئان راست بێت و ئەوەی لەسەر خاچ لە خاچدرا یەکێک بوو لە شێوەی مەسیحدا بوو ... واتای ئەمە ئەوەیە کە یەزدانی پیرۆز هەستاوە بە گەورەترین فێڵ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، بەوەی دەموچاوی یەهوزای ئەسخەریوتی یان یەکێک لەپیاوکوژەکان وەک زانایانی موسڵمان ئەڵێن گۆڕیوە بەشێوەی دەموچاوی مەسیح وە یەزدان بێدەنگ بووە بەرامبەر ئەم فێڵە و رێگەیداوە بەوەی خەڵکی باوەربکەن ئەم ماوە دوور و درێژە ئەوەی

لەخاچ دراوە مەسیح بووە ..... من لەو باوەڕەدام ئەمە شتێکە ناچێت بە عەقڵدا .

جا لەوکاتەدا گەر ووشەکانی قورئان ڕاست بێت کە ئەڵێت : نەیان کوشتووە و لەخاچیان نەداوە مانای ئەمە ئەوەیە قورئان پێچەوانەی خۆی ئەڵێت ، ئێمە لە قورئاندا ووشەکانی مەسیح ئەخوێنینەوە ئەو کە لە بێشکەدایە و ئەڵێت : (وَٱلسَّلَٰمُ عَلَيَّ يَوۡمَ وُلِدتُّ وَيَوۡمَ أَمُوتُ وَيَوۡمَ أُبۡعَثُ حَيّٗا) . (سوره مريم **١٩: ٣٣**).

ئەوەی کە بە عەقڵدا ئەچێ و گونجاوە ئەوەیە : لەدایک بوون پێش مردنە ، مردن پێش زیندووبوونەوەیە ، زیندوبوونەوەش پێش بەرزبوونەوەیە بۆلای یەزدان . ئەم شتانەش لەگەڵ ئەم ئایەتە قورئانیە ڕێک ئەکەوێت : (إِذۡ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَىٰٓ إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ وَمُطَهِّرُكَ مِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَجَاعِلُ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوكَ فَوۡقَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ) . (سوره ال عمران **٣: ٥٥**) . بەمەدا بۆمان دەرئەکەوێت وە هیچ گومانێکی تێدا نییە، ئەوەی لە خاچ درا لەسەر خاچەکە عیسای مەسیح خۆی بوو هەرگیز یەکێکی تر نەبووە کە لە ئەو بکات . پێش ئەوەی چەند بەڵگەیەک بهێنمەوە بۆ سەلماندنی لە خاچدانی مەسیح ، ئەبێت وەڵامی سێ پرسیار بدەمەوە کە هاوڕێ موسڵمانەکانم ئاراستەیان کردووم. پرسیاری یەکەم : مەسیحیەکان باوەڕیان بەوە هەیە کەوا مەسیح کوڕی یەزدانە ، جا چۆن یەزدان ڕێگە بەوە ئەدات

کورەکەی بکەوێتە بەردەستی گوناهبارانەوە تا لەخاچی بدەن ... وە چۆن رزگاری نەکرد لە لەخاچدان ؟

وەڵامەکەی ئەمەیە : مردنی مەسیح لەسەر خاچ بۆ خۆ بەخت کردن بوو لەپێناوی مرۆڤی گوناهباردا ، ئەمەش خواستێکی یەزدانی بوو ، بە دانایی خۆی پێش دروست بوونی پلانی بۆ دانا بوو .

لەم بارەیەوە پەترۆسی نێرراوی یەزدان ئەڵێت : ئێوە ئەزانن چۆن کڕانەوە لەو رێبازە پووچانەی لە باپیرانتان بۆتان مابووەوە . ئەو کڕینەوەش بە شتی لەناوچوو نەبوو وەک زێڕ و زیو ، بەڵکو بە خوێنێکی گرانبەهای مەڕێکی پاکی بێ کەموکوڕیی کە خوێنی مەسیحە . لە پێش دروستکردنی جیهان هەڵبژێررا بوو، بەڵام ئێستا دەرکەوت کە لەپێناوی ئێوەدا بوو. یەکەم نامەی (پەترۆس١. ١٨– ٢٠).

یەزدانی مەزن بێ توانا نەبوو بەرامبەر رزگار کردنی کورەکەی لەسەر خاچ ، بەڵام خواستی یەزدان بوو کە خوێنی مەسیح بڕژێت لەسەر خاچ تا خۆی بەخت کات لەجیاتی مرۆڤی گوناهبار ، وە لە هەمان کاتدا خۆشەویستی و بەزەیی و دادپەروەری یەزدان دەست نیشان بکات .

کاتێک ئەوانەی هاتن بۆ گرتنی مەسیح بە شیر و قامچییەوە پەترۆس شیرەکەی دەرهێنا و لە کۆیلەی سەرۆک کاهینەکانی دا و گوێچکەی بڕی . لەو بارەیەوە لە ئینجیلی

(مەتتا**٢٦:٥٢-٥٤**)نووسراوە: عیسا پێی ووت:( شمشێرەکەت بگەڕێنەوە ناو کێلانەکەی خۆی ، چونکە ئەوانەی شمشێر هەڵدەگرن ، بەشمشێر لەناو دەچن . ئایا وا دەزانیت ناتوانم داوا لە باوکم بکەم زیاتر لە دوانزە لەشکر فریشتەم بۆ بنێریت ؟
بەڵام ئیتر چۆن ئەوەی لە پەرتووکی پیرۆزا نووسراوە بێتەدی ، کە دەڵێت دەبێت بەوشێوەیە رووبدات ؟
هەر لەو کاتەدا عیسا ووتی: ( دەست هەڵگرن ، راوەستن ) ئینجا دەستی هێنا بەگوێی کابرادا و چاکی کردەوە. ئینجیلی (لۆقا **٢٢**: **٥١**). ئەمەش یەکێک لەکارە سەرسوڕهێنەرەکانی عیسا دەرئەخات .
پرسیاری دووەمی موسڵمانەکان ئەوەیە : ئایا رێی تێئەچێت ئێمە ئەو پڕوپاگەندەیە قبوڵ بکەین، تاقە کەسێک کە عیسای مەسیحە بتوانێ هەموو مرۆڤایەتی رزگاربکات ؟
وەڵامی ئەمەش ئەمەیە : گەر مەسیح تەنها مرۆڤ بوایە ، نەیئەتوانی هەموو مرۆڤایەتی رزگار بکات، بەڵام مەسیح دروستکەری هەموو مرۆڤە، لەبەرئەوە نرخی لە هەموو رۆح لەبەرێک زیاترە .... بۆیە توانی ببێتە شفاعەتکەری گوناهباران . لە ئینجیلی (یۆحەننا **١**: **١**وە **٣**) دەربارەی مەسیح ئەخوێنینەوە: لەسەرەتاوە ووشەکە بووە ( مەبەست لە ووشەی یەزدانە کە لەعیسای مەسیحدا بەرجەستە بووە ). ووشەکە لای یەزدان بوو ، بەو هەموو

شتێک دروست بووە ، بێ ئەو هیچ شتێک دروست نەبووە لەمانەی کە دروست بوون .

هەروەها لە نامەکەی پۆڵسی نێرراوی یەزدان بۆ باوەڕدارانی (کۆڵۆسی ١: ١٤ و ١٦) دەربارەی مەسیح ئەخوێنینەوە :ئەوەی بە خوێنی خۆی ئێمەی کڕییەوە لە کۆیلەیەتی گوناه، ئەویش بە لێخۆش بوونی گوناهەکانمان . هەر بەویش هەموو شتێک دروست بووە ، ئەوەی لە ئاسمان و لەسەر زەوییە ، ئەوەی دەبینرێ و نابینرێ ، خاوەن تەخت و تاج یان سەرۆک و دەسەڵاتدار ، یەزدان هەمووی بە عیسا و بۆ عیسا دروست کرد .

وە لەنامەی (عیبرانییەکان ١: ١ تا ٣) دەربارەی مەسیح نووسراوە : یەزدان لەسەردەمی کۆندا ، چەند جارێک بە ڕێگای جۆراوجۆر بەهۆی پێغەمبەرانەوە لەگەڵ باوباپیرانماندا دوا ، بەڵام ئێستا لەم سەردەمەی دواییدا بە هۆی ڕۆڵەکەی لەگەڵماندا ئەدوێ ، ئەوەی یەزدان کردویەتی بە میراتگری هەموو شتێک و بەهۆی ئەوەوە هەموو جیهان دروست بووە . ئەو تیشکی شکۆمەندی یەزدانە و وێنەی جەوهەرێتی،دەستی گرتووە بە گەردونەوە بەهۆی ووشە توانادارەکەی دوای ئەوەی خۆی گوناهەکانمانی پاک کردەوە ، لەلای دەستە ڕاستی یەزدانی مەزن لە ئاسمان دانیشت .

بەدڵنیایی شکۆی دروستکەر لەسەرووی هەموو دروستکراوێکەوەیە ، وە لەبەرئەوەی مەسیح دروستکەری هەموو شتێکە .... بۆیە خۆی لەسەروو هەموو دروستکراوەکانێتی و توانی خۆی بەخت کات لە جیاتی مرۆڤی گوناهبار بەخوێنی پیرۆزی ئەوەی لەسەر خاچەکە رشتی .

پرسیاری سێهەم : ئایا ئەمە دادپەروەرییە مەسیحی پاکی پیرۆز ، شوێنی مرۆڤی پیس بگرێت تا نرخی گوناهە کانیان و هەڵەکانیان بدات ؟

بێگومان دادپەروەری نییە بێ تاوانێک ، تاوانبار بکەین چونکە نووسراوە: بێتاوان کردنی خراپەکارو تاوانبارکردنی راستو دروست ، هەردووکیان خوداوەند قێزیان لێ ئەکاتەوە . نموونەی (سلێمان ١٧ و١٥)ئەمە ئەبێت بە ووردی لە دادگای مرۆڤایەتیدا رەفتاری پێبکرێت بەلآم لەمەسەلەی لەخاچدانی مەسیحدا شتەکە جیاوازە ، چونکە مەسیح خۆی قازییەکەیە ... جا لەبەرئەوەی قازییە بەخواستی خۆی هەڵیبژارد ببێتە خۆبەختکەر . ئەو رەزامەندی مردنی خۆی دەرخست لەپێناوی ئەو گوناهبارانەی باوەریان بە کەفارەتی ئەو هەیە ، لەو بارەیەوە ووتویەتی : (باوک منی خۆش دەوێ ، چونکە ژیانم دەکەم بە قوربانی تا جارێکی کە وەریگرمەوە . کەس لەمنی ناسێنێ ، بەڵکو من بەئارەزووی خۆم پێشکەشی ئەکەم

من دەسەڵاتی پێشکەشکردن و وەرگرتنەوەیم هەیە . ئەمە ڕاسپاردەیەکە لەباوکەوە وەرمگرتووە). ئینجیلی (یۆحەننا ١٠ :١٧ و ١٨).

هەروەها لە نامەکەی پۆڵسی نێرراوی یەزدان بۆ باوەڕدارانی( فلیپی٥:٢تا٨)ئەخوێنینەوە: ئەم بیرورایەتان تیا بێ ، ئەوەی لە عیسای مەسیحدایە : ئەوەی لەشێوەی یەزداندا بوو ، نەیویست یەکسانییەکەی لەگەڵ یەزداندا بکات بە دەستکەوتێک بۆ خۆی ، بەڵکو وازی لەخۆی هێنا و شێوەی کۆیلەی وەرگرت ، وەکو مرۆڤی لێهات هەروەها لەگەڵ ئەوەی ئەو لەشێوەی مرۆڤدا بینرا ، خۆی نزم کردەوە و ملکەچ بوو تا مردن ، مردن لەسەر خاچ . عیسای مەسیح خۆی بەخت کرد ، ئازاری خاچی هەڵگرت ، بە خواست و هەڵبژاردنی خۆی ، بەم مردنەی لە جیاتی ئێمە خۆشەویستی قوڵی خۆی بۆ ئێمە دەرخست . لەو بارەیەوە لە ئینجیلی یۆحەننا ١٣:١٥نووسراوە : کەس خۆشەویستی لەمە مەزنتری نییە : کە ژیانی خۆی بەخت کات لە جیاتی خۆشەویستەکانی . عیسا بە ڕەزامەندی خۆی چووە شوێنی گوناهبارانەوە ، ئەو ئەمەی کرد تا لەسەر خاچ دەریبخات یەزدان پاکە، وە هەموو ئەوانەی باوەڕ بە مەسیح ئەهێنن بێ تاوانیان ئەکات .

لە نامەکەی پۆڵسی نێرراوی یەزدان بۆ دانیشتوانی (ڕۆما ٣:٢١تا٢٦) ئەم ووشانە ئەخوێنینەوە: بەڵام ئێستا

دادپەروەری یەزدان بەبێ شەریعەت دەرکەوت ، شەریعەت و پێغەمبەرانیش شایەتی بۆ ئەدەن . ئەو هەموو کەسێک بێ تاوان ئەکات لەسەربناغەی باوەرهێنانیان بە عیسای مەسیح بەبێ جیاوازی ، چونکە هەموویان گوناهیان کرد و شکۆمەندی یەزدانیان لە کیس چوو . بەڵام یەزدان بە خۆڕایی بێ تاوانی کردن بەبەرەکەتی خۆی بەهۆی کڕینەوەیان بە خوێنی عیسای مەسیح ، ئەوەی یەزدان کردی بەکەفارەت لەجیاتی گوناهەکانیان بە باوەرهێنانیان بە خوێنی ئەو . ئەمەی کرد تا دادپەروەری خۆی دەربخات ، چونکە یەزدان دانی گرت بەخۆیدا و چاوی پۆشی لە گوناهەکانی رابوردویان . بۆ دەرخستنی دادپەروەرییەکەی لەکاتی ئێستادا ، تا راست و دروست بێت و ئەوانە بێ تاوان بکات کە باوەریان بە عیسا هەیە .

بەڵێ ، دادپەروەری و بەزەیی یەزدان دەرکەوت لە مردنی مەسیحدا . بێجگە لەمانەش بەمردنی مەسیح لەسەر خاچ ئەم شتانەی خوارەوە ئەنجام درا :

١- سزای گوناهی ئادەمی لەسەر شانی هەموو مرۆڤایەتیدا لابرد ( یۆحەننا ١:٢٩)

٢ – هەروەها گوناهی ئەوانەی هەڵگرت کە باوەریان پێ هێناوە ئەوانەی پێش دروست بوونەوە زانراون لەلایەن ئەو یەزدانەی رابوورد و ئێستا و داهاتوو ئەزانێت .

(١ پەترۆس ٢:٢٩)

٣ – مەسیح ئێمەی بە خوێن کڕییەوە لە نەفرەتی شەریعەت بەوەی بوو بە نەفرەت لێکراو لە پێناوی ئێمەدا ، چونکە نووسراوە نەفرەت لێکراوە ئەوەی لەسەر دار هەڵبواسرێ . ( ووتەکان ٢١ :٢٣ ، وە غەلاتیە ٣ : ١٣ )

بەم شێوەیە مەسیح هەموو داواکاری دادپەروەری و پیرۆزی یەزدانی ئەنجام دا .

ئێستا دێمە سەر باس کردنی ئەو بەڵگە یاسای و پەرتووکی و مەنتیقیانەی دووپاتی ئەوە ئەکەنەوە و هەموو گومانێک لائەبەن ، ئەوەی لە خاچدرا لەسەر خاچ مەسیح خۆی بوو .

**بەڵگەی یەکەم**

پێشبینی سەردەمی کۆن کە باسی لە خاچدان و ناشتن و هەستانەوەی ئەکات. داود پێغەمبەر پێشبینی مردنی مەسیحی لەخاچدراو بەم ووشانەی خوارەوە ئەکات ، سەگ دەوریان داوم ، تاقمە بەدکارێک ئابڵۆقەیان داوم ، دەست و پێیان کونکردم . زەبور ١٢ :١٦ داود ی پاشا و پێغەمبەر بە رێزەوە لە کۆشکەکەی خۆیا لەناو جێگەکەیدا مردووە ...... بەلاّم ئەم ووشانە کە بە وەحی یەزدانی پێی دواوە پێشبینییەکی ئاشکرایە دەربارەی مەسیحی لە خاچدراو ، ئەو مردنەی کە هەردوو دەست و هەردوو قاچی تیا کون ئەکرێت .

هەروەها ئەشعیا پێغەمبەر پێشبینی ناشتنی مەسیحی کردووە لە گۆڕی پیاوێکی دەوڵەمەندا و ووتویەتی : لەگەڵ

بەدکاراندا ناشتیان ، لە گۆڕی پیاوێکی دەوڵەمەندا ، هەرچەندە بە درێژایی ژیانی ناحەقی نەکردبوو.هەرگیز ووشەیەکی درۆ لە لێوەکانی نەهاتۆتە دەرەوە .
وە لە ئینجیلی مەتتا **٢٧: ٥٧** تا **٦٠** لەو بارەیەوە نووسراوە : کاتێ ئێوارە داهات پیاوێکی دەوڵمەند ناوی یوسف بوو ، دانیشتووی شاری رامە بوو ، یەکێک بوو لە قوتابیەکانی عیسا . چووە لای پیلاتۆس داوای تەرمەکەی عیسای لێ کرد ، ئیتر پیلاتۆس فەرمانی دا بیدرێتێ . ئەوسا یوسف تەرمەکەی هێنا و بە کەتانی پاک پێچای و لە گۆڕێکی تازەدا کە لە بەرد هەڵکەنرا بوو ناشتی ، ئینجا بەردێکی گەورەی گلۆر کردەوە بۆسەر دەرگای گۆڕەکە و ئەوێی بەجێهێشت .
بە هەمان شێوە پێشبینییەکەی ئەشعیا پێغەمبەر بە ووردی و بە تەواوی هاتە دی . هەروەها داود پێغەمبەر پێشبینی هەستانەوەی مەسیحی کردووە و ووتویەتی : چونکە تۆ دەرونم بەجێ ناهێڵیت لە شوێنی مردووان، ناهێڵیت تاقانەی پیرۆزی خۆت گەندەڵی ببینێت . زەبور **١٦: ١٠**.
پەترۆسی نێرراوی یەزدان لە ووتارەکەیدا کە لە رۆژی پەنجاهەمینا دای بەم ووشانەی خوارەوە دووپاتی پێشبینی هەستانەوەی مەسیحی کرد و ووتی : ئەی برایان ، رێگام بدەن بە ئاشکرا پێتان بڵێم داودی باوکمان مرد و نێژرا ، هێشتا گۆڕەکەی تا ئەمڕۆ لامانە .بەڵام داود پێغەمبەر بوو ،

دەیزانی یەزدان سوێندی بۆ خواردووە کەوا مەسیح لە نەوەی ئەو پەیدا ئەبێ و لەسەر تەختی ئەو دائەنیشێ ، دیسان باسی هەستانەوەی مەسیحی کردووە هەروەک لە پێشەوە بینیوێتی دەربارەی ئەو دەڵێت : ( لەشی لەناو دنییای مردوانا نامێنێتەوە ، هەروەها لەشی گەندەڵی نابینێ .) ئەو عیسایەی یەزدان لە نێو مردووانا زیندووی کردەوە ، ئێمە هەموو بۆ ئەوە شایەتین .( کرداری نێرراوان ۲: **۲۹ -۳۲**) جا مردن و ناشتن و هەستانەوەی مەسیح هاتنەدی پێشبینییەکانی پێشووە ، ئەمەش دووپاتی ئەمە ئەکاتەوە ئەوەی لەسەر خاچ لە خاچ درا مەسیح خۆی بوو .

**بەڵگەی دووەم**

مەسیح باسی مردن و هەستانەوەی خۆی ئەکات لای قوتابیەکانی ، رۆژێکیان عیسا پرسیار لە قوتابیەکانی ئەکات : ( ئەی ئێوە ئەڵێن من کێم ؟ ) پەترۆس کە شەمعونیشی پێ ئەوترا ، وەڵامی دایەوە و ووتی : تۆ مەسیحی ، رۆڵەی یەزدانی زیندوو . لەویا عیسا پێی ووت ( خۆزگەت پێ دەخوازرێ ، ئەی شەمعونی کوری یۆنا ، ئەم زانینە لە گۆشت و خوێنەوە نییە ، بەڵکو لەو باوکەمەوەیە کە لە ئاسمانە) . (مەتتا **۱٦: ۱۵-۱۷**) لێرەدا دوای ئەوەی یەزدانی باوک راستی مەسیحی بۆ پەترۆس دەرخست ، وە دوای ئەوەی قوتابیەکان لە رێگای ئەم دەرخستنەدا

زانییان کەوا مەسیح بەراستی رۆڵەی یەزدانی زیندووە ، مەتتای نێرراوی یەزدان بەردەوام ئەبێ لەسەر قسەکانی و ئەڵێ : ئیتر عیسا لەو کاتەوە دەستی کرد بە روونکردنەوە بۆ قوتابیەکانی سەبارەت بەوەی کە دەبێت بڕوات بۆ قودس ، لەوێ ئازار بدرێ بە دەستی پیران و سەرۆک کاهینەکان و مامۆستایانی شەریعەت ، ئینجا بکوژرێ و لە رۆژی سێهەمدا زیندووبێتەوە. ئینجیلی مەتتا ١٦: ٢١مردنی لەسەر خاچ شتێکی کتوپڕ نەبوو بۆ مەسیح ، چونکە ئەمە بۆ هێنانەدی پلانی یەزدان بوو بۆ خۆبەختکردنی مەسیح لە پێناوی مرۆڤدا . بۆیە لە دوا نان خواردنیا لەگەڵ قوتابیەکانیا پێی ووتن : ( چونکە رۆڵەی مرۆڤ دەبێت بەو شێوەیە بڕوات کە لە کتێبی پیرۆزا لەسەری نووسراوە ، بەڵام خاک بەسەر ئەوەی رۆڵەی مرۆڤ ئەدات بە دەستەوە باشتر بوو ئەو کەسە هەر لەدایک نەبوایە . ئینجیلی مەرقۆس ١٤: ٢١. کاتێک نووسەرانی شەریعەت و فەریسیەکان داوایان لە مەسیح کرد کارێکی سەرسوڕهێنەریان نیشان بدات : وەڵامی دانەوە و پێی ووتن : ( نەوەیەکی بەدکار و بەد رەوشت داوای نیشانە دەکەن ، نیشانە نادرێ تەنها نیشانەی یونس پێغەمبەر نەبێ . چونکە یونس سێ رۆژ و سێ شەو لەناو سکی نەهەنگدا بوو ، ئاوەهاش رۆڵەی مرۆڤ سێ رۆژ و سێ

شەو لەناو دڵی زەویدا ئەمێنێتەوە . ئینجیلی مەتتا **١٢: ٣٩ و ٤٠**) هەروەها ئەتوانی مەتتا**٢٠: ٢٨** ، مەرقۆس **٨: ٣١** ، **٩: ٣١** و **١٠: ٣٢- ٣٤** ) بخوێنیتەوە .

ئەو ناوەی کە زۆر جار عیسا بەکاری هێناوە ( ڕۆڵەی مرۆڤ) بوو .... ئەمەش نموونە بوو بۆ هەموو مرۆڤایەتی بە بەرز و نزمەوە ، بە دەوڵەمەند و هەژارەوە ، هەموویان هەڵەیان کرد و پێویستیان بە شکۆی یەزدان بوو ، ئەو هات تاوەکو بە مردنی لەسەر خاچ خۆی بەخت کات لە پێناویانا، هەر لە سەرەتاوە ئەیزانی ئەوە کاری مەزنی ئەوە .

**بەڵگەی سێهەم**

ئەو حەوت ووشانەی مەسیح لەسەر خاچ پێی دوا : گەر یەزدان ڕێگا بدات یەکێکی پیاو کوژ کە لە شێوە مەسیحدا بووە ، یان یەهوزای ئەسخەریوتی لە جیاتی مەسیح لە خاچ بدرێ ، ئایا یەکێکی ژیر لەو باوەرەدایە ، ئەو پیاو کوژە یاخود یەهوزای ناپاک ئەتوانێ بەو حەوت ووشانە بدوێ کە مەسیح لەسەر خاچەکە پێی دوا ؟ نەخێر بە هیچ جۆرێک ناچێ بە مێشکدا یەکێ بتوانێ ئەم حەوت ووشانە بخاتە سەر لێوی جگە لە ئەو .

یەکەم ووشە کە مەسیحی لە خاچ دراو پێی دوا ئەوە بوو: ( ئەی باوک لێیان خۆش بە ، چونکە نازانن چی دەکەن . ( ئینجیلی لۆقا **٢٣: ٣٤**)

ئەوەی کە قوتابیەکانی فێری لێخۆش بوون کرد بەرامبەر ئەوانەی خراپەیان لەگەڵا ئەکەن ، خۆی هەستا بەو کارە ، وە نوێژی کرد لە پێناوی ئەوانەی لە خاچیان دا . ( ئینجیلی مەتتا**٥: ٤٤**) هیچ کەسێک کە یەزدان تۆزێک ژیریی دابێتێ بڕوا ناکات کە مرۆڤێکی پیاوکوژ یاخود ناپاک بتوانێ بەم شێوەیە بپاڕێتەوە و نوێژ بکات . جولەکەکان راستی مەسیحیان نەئەزانی بۆیە داوایان لە والی رۆمەکان کرد لە خاچی بدات ( چونکە ئەگەر بیانزانییایە خوداوەندی بەشکۆیان لەخاچ نەئەدا . **١** کۆرۆنسۆس**٢: ٨** مەسیح داوای لە باوک کرد لێیان خۆش بێت ، پەیوەندی مەسیح بە باوکەوە پەیوەندی باوک و کورایەتی بوو ، بۆیە بەم شێوەیە لەگەڵی دوا : ( ئەی باوک ) ..... وە یەکەم ووشەی( داواکردنی لێخۆش بوون بوو بۆ ئەوانەی لە خاچیان دا .)

دووەم ووشە کە عیسای لە خاچ دراو پێی دوا ئەوە بوو کە بە دزە لە خاچدراوەکەی تەنیشتی ووت : ( راستیت پێ ئەڵێم : هەر ئەمڕۆ لەگەڵم ئەبی لە بەهەشتدا ) ئینجیلی لۆقا **٢٣: ٤٣**. دزەکەی کە لەگەڵ مەسیحدا لە خاچ درا بوو دانی نا بە لاهوتی مەسیحدا ، هەرچەندە مەسیح لە تەنیشتییەوە لە خاچ درا بوو .... ( کەس ناتوانێ بڵێ عیسا خوداوەندە تەنها بە هۆی رۆحی پیرۆزەوە نەبێ ) (**١**کۆرنسۆس**١٢: ٣**)

بۆیە بە عیسای ووت : ( ئەی خوداوەند لە یادم مەکە کاتێ دەچیتە پادشاهێتییەکەت ) . لۆقا **٢٣: ٤٢**

هەر لەسەر بناغەی باوەری بوو عیسا وەڵامی دایەوە و پێی ووت : راستیت پێ ئەڵێم : تۆ ئەمڕۆ لەگەڵمدا ئەبی لە بەهەشتدا ) . لۆقا **٢٣: ٤٣**.

ئایا هیچ مرۆڤێکی ژیر بڕوا بەوە ئەکات یەکێکی پیاو کوژ ، یان یەهوزای قوتابی ناپاک بتوانێ بەم پەیمانە یەزدانییە بدوێ ؟

دوانی عیسای مەسیح بەم پەیمانە یەزدانییە لەگەڵ ئەو دزەدا کە لەدوا ساتی ژیانیدا باوەڕی پێهێنا و دانی نا بە لاهوتیدا لەسەر خاچەکەی بە تەنیشتییەوە ، بە دڵنیایی دەری ئەخات ئەوەی لەسەر خاچەکە لە خاچدرا عیسای مەسیح بوو کەسی کە نەبوو ...... وە قسەکانی لەگەڵ دزەکەدا ئەوە دەرئەخات ( رزگاربوون تەنها بە باوەرە ) . لەو کاتەدا دزەکە نەیئەتوانی هەستێ بە هیچ کارێکی چاک چونکە لە نێوان ئەو و مردنا ساتێکی کورت هەبوو .

سێهەم ووشە کە عیسا پێی دوا ئەوەی ئاراستەی مریەمی دایکی و یۆحەننای قوتابی کرد ئەمە بوو. لەوێ لە ژێر خاچەکەی عیسادا مریەمی پووری ( خوشکی دایکی ) و مریەمی مەجدەلی وەستا بوون . کاتێ عیسا دایکی بینی ، بە تەنیشت ئەو قوتابیەوە وەستاوە کە خۆشی دەویست، بە دایکی ووت : ( ئەی ئافرەت ، ئەمە کوڕتە !) ئینجا بە

قوتابیەکەی ووت : ئەمە دایکتە . ) ئیتر لەو کاتەوە قوتابیەکە بردیە ماڵی خۆی .( یۆحەننا **١٩: ٢٥-٢٧** ) .

گەر ئەوەی لە خاچ درا مەسیح نەبوو بەڵکو یەکێکی کە بوو چۆن مریەم بانگ ئەکات و پێی ئەڵێ : ئەی ئافرەت ، ئەمە کوڕتە ؟ وە چۆن یۆحەننای قوتابی ئەناسی و ئەوەی عیسا خۆشی ئەویست و دایکی دایە دەستی؟

وە چۆن پیاوکوژێک بایەخ ئەدا بە مریەمی دایکی مەسیح و ئەیداتە دەستی یۆحەننای قوتابی خۆشەویست ؟

تەنها ئامادە بوونی مریەم لەلای خاچی کوڕەکەیدا ، بەڵگەیەکی تەواوە ، ئەوەی کە لە خاچ درا بە راستی و بە دڵنیایی عیسای مەسیح بوو . ....... چونکە دڵی دایک هەستێکی ناسکی تیایە ، بە تایبەتی ئەم دایکەی کە یەزدان پیرۆزی کرد و لەسەروو هەموو ژنانی جیهان داینا .... گەر ئەوەی لە خاچدرا یەکێکی تر بوایە و عیسای کوڕی نەبوایە ئەو دیمەنەی بەجێ ئەهێشت و ئەرۆیشت ...... وە هەواڵی بە قوتابیەکانی ئەدا لە خاچدراوەکە عیسای کوڕی نییە .... بەڵام مریەم لە لای خاچەکە وەستا بەمەش دەریخست لە خاچدراوەکە عیسای کوڕی بوو ... ووشەی سێهەمی بریتی بوو لە خۆشەویستی و بەزەیی و نەرم و نیانی و بایەخ دان .چوارەم ووشە کە عیسای لە خاچدراو پێی دوا بریتی بوو لە : ( یەزدانی من ، یەزدانی من بۆچی وازت لێ هێناوم ؟ ) ( ئینجیلی مەتتا ٢٧: ٤٦) . پێش ئەوەی باسی ئەم

ووشەیە بکەم ، بە پێویستی ئەزانم وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە کە زۆربەی موسڵمانەکان لە مەسیحییەکانی ئەکەن ، پرسیارەکەش ئەمەیە : گەر مەسیح وەکو ئێوە ئەڵێن ( ڕۆڵەی یەزدان ) یان ( یەزدانی ڕۆڵە ) بۆ چۆن نوێژ ئەکات بۆ باوک و ئەڵێ : ( یەزدانی من ، یەزدانی من بۆچی وازت لێ هێناوم ؟ ) ئایا یەزدان نوێژ بۆ خۆی ئەکات ؟

ئەم پرسیارەم لێ کرا لە کاتی ئەو ووتووێژەدا کە لەگەڵ دوکتۆر جەمال بەدەوی لە زانکۆی سانت ماری لە هالیفاکس ، وەڵامی منیش ئەمە بوو : یەزدان لە قورئاندا نوێژ ئەکات ....... چونکە ئێمە لە قورئاندا ئەیخوێنینەوە : إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِيِّۚ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ صَلُّواْ عَلَيۡهِ وَسَلِّمُواْ تَسۡلِيمًا) ( سوره الاحزاب **٣٣:٥٦**).

گەر قورئان باسی ئەوە بکات یەزدان بەسەر مەحەمەد پێغەمبەرا نوێژی کردووە .... لێرا پرسیارێک هەیە : بۆ کێ نوێژی ئەکرد ؟ جا گەر یەزدان نوێژ بکات ، حەقی موسڵمان نییە پرسیار بکات چۆن مەسیح ڕۆڵەی یەزدانە و نوێژ ئەکات بۆ یەزدان ؟

با ئێستا بگەڕێینەوە بۆ روون کردنەوەی ووشەی چوارەم ئەوەی مەسیح لەسەر خاچەکە ووتی .

ووشەی چوارەمی مەسیح هاوارێکە بەرەو ڕووی یەزدان وەکو ( ڕۆڵەی مرۆڤ ) ئەوەی شێوەی مرۆڤی وەرگرت تا خۆی بەخت کات لە پێناوی مرۆڤا . ئەو لەو کاتەدا لە پلەی کۆیلەدا بوو وەکو پۆڵسی نێرراوی یەزدان ووتویەتی :

ئەوەی لە شێوەی یەزدانا بوو ، نەیویست یەکسانییەکەی لەگەڵ یەزدان بکات بە دەستکەوتێک بۆ خۆی ، بەڵکو خۆی بە هیچ دانەنا و شێوەی کۆیلەی وەرگرت ، وەکو مرۆڤی لێهات ، هەروەها لەگەڵ ئەوەی ئەو لە شێوەی مرۆڤا بینرا خۆی نزم کردەوە و ملکەچ بوو تا مردن ، مردن لەسەر خاچ ) فلیبی٢: ٥-٨ ) ئێستا ئەو وەکو ( کۆیلەیەک ) کە سزای گوناهی گوناهبارانی هەڵگرتووە هاوار ئەکات بۆ باوک : یەزدانی من یەزدانی من بۆچی وازت لێ هێنام ؟

ئەم هاوارەی بۆ یەزدان ئەوەمان بۆ دەرئەخات ئەو خۆبەختکەرەی داود پێغەمبەر لە زەبوری 22 پێشبینی کردووە ، وە لە زەبورەکانی تر بە تەواوی رۆژی لە خاچدانەکە هاتەدی .

داود لەم زەبورەدا پێشبینی مردنی مەسیحی لە خاچدراوی کردووە ، هەروەکو لە پێشەوە باسمان کرد بۆتان ووتویەتی : ( دەست و قاچیان کون کردم ) ( زەبور **٢٢: ١٦**

هەروەها پێشبینی دابەشکردنی جلەکانی و گرەوکردن لەسەر کراسەکەی ئەکات ( جل و بەرگەکەم لەناو خۆیانا دابەش دەکەن و گرەو لەسەر کراسەکەم دەکەن) زەبوری **٢٢: ١٨**).

یۆحەننای نێرراوی یەزدان بە ووردی باسی هاتنە دی ئەم پێشبینییە دەکات لە ووشەکانیدا : کاتێ سەربازەکان عیسایان لە خاچ دا ، جلەکانیان بردو کردیان بە چوار

بەشەوە ، هەر سەربازو بەشێکی برد . هەروەها کراسەکەشیان برد ، کە سەرتاپا بەبێ دروون لە یەک پارچە چنرابوو .
ئینجا سەربازەکان بە یەکتریان ووت : ( پێویست ناکات بی درێنین ، بەڵکو گرەوی لەسەر ئەکەین بزانین بەر کێ دەکەوێ .) تا ئەوەی لە پەڕتووکی پیرۆزدایە بێتەدی کە ئەڵێ جلەکانمیان لە نێوان خۆیاندا دابەشکرد و لەسەر کراسەکەم گرەویان کرد . ئەمەش سەربازەکان کردیان . ( یۆحەننا **١٩**: **٢٣** و**٢٤**) عیسا بەتەواوی ئەیزانی بۆچی باوک وازی لێ هێناوە . لەو بارەیەوە لە **٢** کۆرنسۆس **٥** : **٢١** نووسراوە : ( یەزدان لەپێناوی ئێمە مەسیحی کرد بە گوناهبار هەرچەندە گوناهی نەدەناسی ، تا لە ئەودا بەشداری راست و دروستی یەزدان بکەین .) هەروەها لە نامەکەی پۆڵس بۆ باوەردارانی رۆما ٨: **٣** نووسراوە : ئەوەی لە توانای شەریعەتدا نەبوو ، چونکە لەش لاوازی کرد بوو ، یەزدان هێنایە دی کاتێ رۆڵەکەی نارد لە شێوەی لەشێک لەلەشی گوناهباری ئێمە ئەکات، ئەوسا ئەو لەبەر گوناهـ ، حوکمی دا بەسەر ئەو گوناهەی لە لەشدایە .
عیسای مەسیح ( قوربانی مەزن ) ئەوەی بۆ خۆبەختکردنی مرۆڤایەتی هاتبوو ، ئەیزانی کە یەزدان لەو کاتەدا وازی لێ هێناوە ، چونکە ئەو وازهێنانە رەمزی جیابوونەوەی هەتاهەتایی بوو، ئەوەی چارەنووسی هەموو ئەوانەیە کە

ئەو قوربانییە رەت ئەکەنەوە ...... ئەمەش بریتییە لە دۆزەخ کە شوێنی جیابوونەوەی هەتاهەتاییە لە یەزدان ..... مەسیح ویستی بە هاوارەکەی راستی کەسایەتی خۆی دەست نیشان بکات ، وە هۆی لە خاچ دان و مردنی ، ئەمەش هەمان شتە کە داود پێغەمبەر لە زەبورەکەیدا پێشبینی لێ کردووە ، یەزدان وازی لێ هێنا چونکە بوو ( بە گوناهبار لە پێناومانا .)

ناچێ بە عەقڵدا یەزدان شێوەی مەسیح بدات بە پیاوکوژێک وە بەم ووشانە بدوێ . چوارەم ووشەی ئەو هاوارە بوو کە توندی ئازارەکەی دەرئەخست ، ئەوەی مەسیح هەڵی گرت و مرۆڤ شایانی بوو .

پێنجەم ووشە کە مەسیحی لە خاچدراو پێی دوا : ( من تینومە ) ( یۆحەننا ۱۹ : ۲۸) عیسا بەم ووشەیە دوا بۆ هێنانەدی پێشبینییەکەی داود پێغەمبەر لە زەبور ٦۹ :۲۱

( لەکاتی تینوو بوونما ، سرکەیان دەرخوارد دام .)

یۆحەننای نێرراوی یەزدان هاتنەدی ئەم پێشبینییە بەم ووشانە باس دەکات : ( دوای ئەوەی عیسا بینی هەموو شتێ تەواو بوو ، ووتی : ( تینوومە .) تا ئەوەی لە پەرتووکی پیرۆزا باس کراوە بێتەدی . لەوێ قاپێکی پڕ لە سرکە هەبوو ، ئەسفەنجێکیان کرد بە سرکەکەوە و بە قامیشێک بەرزیان کردەوە بۆ دەمی . کاتێ عیسا دەمی لە

سرکەکە دا ، ووتی : (تەواو بوو ! ) ئینجا سەری دانەواند و گیانی سپارد . ( یۆحەننا ١٩ :٢٨- ٣٠ ) .
هاتنەدی ئەم پێشبینییانە بۆ ئەو کابرایە نەبوو کە لەگەڵ عیسادا لە خاچ درا ، بەڵکو تەنها بۆ مەسیح بوو .
پێنجەم ووشەی مەسیح دەرخستنی زۆری ئازاری بوو . ئەوەندە خوێن لە لەشی رۆیشت هەتا تینووی بوو ، وە ووتی : ( من تینومە).
شەشەم ووشە کە عیسای لە خاچدراو پێی دوا بریتی بوو لە: ( تەواو بوو) یۆحەننا ١٩ : ٣٠ ) ئەمەش ووشەیەکی یۆنانییە ( تلستی ) بە واتای هەموو شتێک تەواو بوو . ووشەی ( تەواو بوو ) ئەوە دەرئەخات یەسوعی مەسیح ( عیسای کوری مریەم ) هەموو پێشبینی پێغەمبەرانی لە کەسایەتی خۆیا هێناوەتەدی ، دیمەنی لە خاچدانەکە زۆر بە ووردییەکی سەرسوڕهێنەر لە پێشبینی پێغەمبەران پێش لە دایک بوونی مەسیح بە سەدان ساڵ باس کراوە . هەروەها مەبەست لە ووشەی تەواو بوو ) ئەوەیە عیسا بە مردنی کۆتایی بە قوربانییەکانی سەردەمی کۆن هێنا . کە قوربانی سوتێنراو بوو ( لیڤیەکان ١ ) ، وە قوربانی دانەوێڵە ( لاویەکان ٢ ) ، قوربانی ئاشتی (لیڤیەکان ٣ ) ، قوربانی هەڵە (لیڤیەکان ٤ ، قوربانی گوناه (لیڤیەکان ٥ ) ... ئەمەش بەیەک دەستە واژە ئەتوانین بیسەلمێنین : ( بەرخی یەزدان ئەو قوربانییەی گوناهی جیهانی

هەڵگرت . ) ( یۆحەننا ١: **٢٩**) ، عیسا بە مردنی لەسەر خاچ سزای گوناهی ئادەمی لەسەر هەموو مرۆڤێک هەڵگرت .
هەروەها ووشەی ( تەواو بوو ) ئەوە دەرئەخات کاری خۆبەختکردن تەواو بوو ، ئەوەی کە پێویستە لەسەر مرۆڤی گوناهبار باوەر بەوە بکات کە مەسیح لە پێناوی رزگاری ئەوا کردوویەتی ، بەوەی مەسیح نرخی گوناهەکانی ئەوی دا .
هەروەها لەو بارەیەوە لە یەکەم نامەی پەترۆس **٢: ٢٤** نووسراوە : عیسا گوناهەکانی هەڵگرتین بە لەشی خۆی لەسەر دار ، تا ئێمە بمرین سەبارەت بە گوناه و بۆ راست و دروستی بژین . بەهۆی برینەکانی ئەو بوو ئێمە چاک بووینەوە . هەر شتێک بە کاری چاکەی مرۆڤ ، زیاد بکرێ بۆ مردنی مەسیح بریتییە لە ئیهانە بۆ کەسایەتی ئەو ، چونکە بەمە ئەو کەسە نکۆڵی لەوە ئەکات کە خوێنی مەسیح بەس بێت بۆ لێخۆشبوونی گوناه و رزگار بوونی .
جا شەشەم ووشە کە مەسیح پێی دوا دڵنیاییەکی تەواوە و هیچ رێگە بە گومان نادات ئەوەی لە خاچ درا بوو عیسای مەسیح خۆی بوو ، وە شەشەم ووشە بریتی بوو لە هێنانەدی پێشبینی پێغەمبەران و وە خۆبەختکردنی تەواو لە پێناوی باوەڕداراندا .
حەوتەم ووشە کە عیسای لە خاچدراو پێی دوا ئەمە بوو : ( ئەی باوک رۆحم ئەسپێرمە دەستی تۆ ( لۆقا **٢٣: ٤٦**) .

مەسیح سزای دادپەروەرانەی یەزدانی هەڵگرت لە جیاتی گوناهەکانی مرۆڤ، بەمەش کاری خۆبەختکردنی خۆی تەواو کرد ، دوای ئەوەی ووشەی ( تەواو بوو ) ی ووت گوێمان لێیەتی لەگەڵ باوکی ئەدوێ و ئەڵێ : ( ئەی باوک ) .
ئیتر پەردە لە نێوان ئەو و باوکیدا نەما ..... ئیشی خۆی وەک کۆیلەیەک تەواو کرد ، ئەو ئێستا پەیوەندی هەتاهەتایی خۆی بە باوکییەوە ئاشکرا ئەکات ... وە بەم ووشەیە لەگەڵی دوا ( ئەی باوک ) ئەمەش بە تەواوی ئەوە دەرئەخات ئەوەی کە لەسەر خاچەکە لە خاچ درا مەسیح خۆی بوو کەسی کە نەبوو . دوا ووشەی ئەو ( ووشەی دەرخستنی پەیوەندی هەتاهەتاییە کە لە نێوان باوکو
کوڕدایە ) . مەسیح وازی هێنا لە شکۆی خۆی ، بەوەی شێوەی کۆیلەی وەرگرت و بوو بە مرۆڤ ،بۆیە لەو کاتەدا ووتویەتی : ( لەبەرئەوەی باوک مەزنترە لە من ) . ( یۆحەننا ١٤: ٢٨) . چونکە باوک نەبوو بە مرۆڤ و لە خاچ نەدرا ، بەڵام رۆڵە بوو بە مرۆڤ و لە خاچ درا .. یەکەم مەبەست لە بوونی مەسیح بە مرۆڤ ئەوە بوو گوناهی ئادەمیزاد هەڵگرێ وەکو لە پەرتووکی پیرۆزا نووسراوە : ( ئەو سەرراست و راستگۆیە .) دیسان لەو بارەیەوە لە مزگێنی مەتتا ٢٠، ٢٨ نووسراوە :

ڕۆڵەی مرۆڤ نەهاتووە تا خزمەت بکرێ ، بەڵکو هاتووە تا خزمەت بکات و خۆی بەخت بکات بۆ کڕینەوەی زۆر کەس .)

**بەڵگەی چوارەم**

بەڵگەی چوارەم کە ئەیسەلمێنێ ئەوەی کە لەسەر خاچەکە لە خاچدرا بەراستی عیسای مەسیح خۆی بوو ئەو ڕووداوە سروشتیانە بوو کە کاتی لە خاچدانیا ڕوویدا وە هەروەها دڕانی پەردەی پەرستگاکە .

گەر ئەوەی لەسەر خاچەکە لە خاچدرا پیاوکوژێک بوو بێ یەزدان شێوەی مەسیحی دابێتێ .... ...بۆچی سروشت هەڵچوو وە تووڕەیی خۆی دەرخست ؟

لۆقای مزگێنیدەر ڕووداوی لە خاچدانەکەی مەسیح بەم شێوەیە تۆمار دەکات : ( نزیکی کاژێری دوانزەی نیوەڕۆ ، تاریکی باڵی کێشا بەسەر هەموو زەویدا ، هەتا کاژێری سێی نیوەڕۆ . ڕۆژ تاریک بوو پەردەی پەرستگاکە لە ناوەڕاستەوە دڕا . لۆقا **٢٣**: **٤٤**- **٤٥**. وە مەرقۆسی مزگێندەر هەمان ڕووداوی بەم شێوەیە تۆمار کردووە : ( پەردەی پەرستگاکەش لە سەرەوە تا خوارەوە دڕا و بوو بە دوو بەشەوە . کاتێ ئەو سەرپەلەی بەرامبەری ڕاوەستا بوو ، بینی عیسا چۆن ڕۆحی سپارد ، ووتی : ( بەراستی ئەم مرۆڤە ڕۆڵەی خودا بوو . ) مەرقۆس **١٥**: **٣٨**- **٣٩** ئەو ڕووداوە سروشتییە ترسی خستە دڵی ئەو سەرپەلە ڕۆمییە

بۆیە دانی بەوەدا کە ئەو لە خاچدراوە بەراستی رۆڵەی یەزدان بوو .

**بەڵگەی پێنجەم**

بڕوانامەی یۆحەننا ئەوەی بینەری دیمەنی لە خاچدانەکە بوو یۆحەننای نێرراوی یەزدان لە سەرەتاوە تا کۆتایی بینەر و شایەتی لە خاچدانەکە بووە ، بۆیە دەری خستووە بۆمان ئەوەی لە خاچدراوە ، بە دڵنییایی عیسای مەسیح خۆی بووە . لەو بارەیەوە ووتویەتی : ( ئیتر پیلاتۆس فەرمانی دا عیسا ببرێت و بە قامچی لێی بدرێت . ئینجا سەربازەکان تاجێکیان لە دڕک چنی و خستیانە سەر سەری جلێکی ئەرخەوانییان لەبەر کرد . لێی دەچوونە پێشەوە و پێیان دەووت : ( سڵاو ! ئەی پادشای جولەکە !) ، زللەیەکیان لێ دەدا . جارێکی کە پیلاتۆس هاتەدەرەوە بۆ لای خەڵکەکە و پێی ووتن : ( من دەیهێنمە دەرەوە بۆ لاتان تا بزانن من هیچ گوناهێکی تیادا نابینم ! ) عیسا بە تاجی دڕکاوی و جلی ئەرخەوانییەوە هاتەدەرەوە ، ئینجا پیلاتۆس بەوانی ووت : ( ئەوەتا پیاوەکە !) کاتێ سەرۆک کاهینەکان و پاسەوانەکان بینییان ،هاواریان کرد : ( لە خاچی بدە ! لە خاچی بدە ! ) ئەوسا پیلاتۆس پێی ووتن : ( ئێوە بیبەن و لە خاچی بدەن ، من هیچ گوناهێکی تیادا نابینم ! ) جوولەکەکان وەڵامیان دایەوە : ( شەریعەتمان هەیە . بەپێی شەریعەتی ئێمە دەبێ بمرێ ، چونکە خۆی

کردووه به رۆڵەی یەزدان . ) کاتێک پیلاتۆس گوێی لەم قسەیە بوو زیاتر ترسا ، چووە ناو کۆشکەکەی و لە عیسای پرسی : ( تۆ خەڵکی کوێیت ؟ ) بەڵام عیسا هیچ وەڵامی نەدایەوە . پیلاتۆس پێی ووت : ( بۆ قسەم لەگەڵ ناکەیت ؟ ئایا نازانی من دەسەڵاتی ئەوەم هەیە ئازادت بکەم یان لە خاچت بدەم ؟ ) عیساش وەڵامی دایەوە : ( تۆ هیچ دەسەڵاتێکت بەسەر منەوە نییە ، گەر لە سەرەوە بە تۆیان نەدابێ . جا لەبەرئەوە ، ئەوەی منی داوەتە دەست تۆ گوناهێکی گەورەتری هەیە .)

ئیتر لەبەرئەمە پیلاتۆس هەوڵی ئازادکردنی عیسای دا ، بەڵام جولەکەکان هاواریان کرد : ( گەرئەمەت ئازاد کرد ، ئیتر هاوڕێی قەیسەر نیت . هەر کەسێک خۆی بکات بە پادشا ، دوژمنایەتی لەگەڵ قەیسەر دەکات .) کاتێک پیلاتۆس گوێی لەم قسانە بوو ، عیسای بردە دەرەوە ، ئەوسا لەسەر کورسی فەرمانرەوایی دانیشت ، لە شوێنێک پێی دەوترێ بەردرێژکراو بە زمانی عیبریش گەباسە . کاتەکەش نزیکەی دوانزەی نیوەرۆ بوو ، لەو رۆژەدا ( رۆژی هەینی ) خۆ ئامادەدەکرا بۆ جەژنی تێپەڕ بوون . ئینجا پیلاتۆس بە جولەکەکانی ووت : ( ئا ئەوەتا پاشاکەتان ! ) ئەوانیش هاواریان کرد : ( بیبە ! بیبە ! لە خاچی بدە ! ) پیلاتۆس لێی پرسین : ( ئایا پادشاکەتان لە خاچ بدەم ؟ ) ئەوسا سەرۆک کاهینەکان وەڵامیان دایەوە :

( هیچ پادشایەکمان نییە جگە لە قەیسەر .) ئیتر پیلاتۆس دایە دەستیان تا لە خاچ بدرێ . ئەوانیش عیسایان برد و رۆیشتن .
عیساش هاتەدەرەوە و خاچەکەی هەڵگرت بەرەو ئەو شوێنە رۆیشت کە ناسراو بوو بە شوێنی کاسەی سەر بە زمانی عیبری پێی ئەوترێ ( گولگۆسە ) ، لەوێ لەگەڵ دوو پیاو لە خاچیان دا ، هەر یەکە لە لایەکەوە عیساش لە ناوەراستدا . پیلاتۆس لەسەر خاچەکە دروشمێکی هەڵواسی بوو لەسەری نووسرا بوو : ( عیسای ناسیری پادشای جولەکە ، لەوێ جولەکەیەکی زۆر دروشمەکەیان خوێندەوە ، چونکە ئەو شوێنەی عیسای تیا لەخاچدرا بوو لە شار نزیک بوو . دروشمەکەش بە زمانی عیبری و لاتینی و یۆنانی نووسرا بوو . سەرۆکی کاهینەکانی جوولەکە بە پیلاتۆسیان ووت : ( مەنووسە : ( پادشای جولەکە ) ، بەڵکو بنووسە : ( ئەم پیاوە خۆی دەیووت : ( من پادشای جولەکەم ) . لەوێدا پیلاتۆس وەلامی دایەوە : ( ئەوەی نووسیومە ، نووسیومە ! )
کاتێک سەربازەکان عیسایان لە خاچدا ، جلەکانیان برد و کردیان بە چوار بەشەوە ، هەر سەربازەو بەشێکی برد . کە سەرتاپا بەبێ دروون لە یەک پارچە چنرا بوو . ئینجا سەربازەکان بە یەکتریان ووت : ( پێویست ناکات بیدرێنین بەڵکو شێرو خەتی لەسەر دەکەین بزانین بەر کێ دەکەوێ

ئەمەش روویدا تا ئەوەی لە کتێبی پیرۆزا نووسراوە بێتەدی : ( جلەکانمیان لە نێوان خۆیان بەشکرد و شێر و خەتیان لەسەر کراسەکەم کرد . ئەمەش ئەوە بوو کە سەربازەکان کردیان . لەوێ لەلای خاچەکەی عیسا ، دایکی لەگەڵ مریەمی ژنی کلۆپا کە پووری بوو . هەروەها مریەمی مەجدەلی وەستا بوون . کاتێ عیسا دایکی بینی بە تەنیشت ئەو قوتابییەوە وەستاوە کە خۆشی دەویست ، بە دایکی ووت : ( ئەی ئافرەت ئەمە کوڕتە ! ) ئینجا بە قوتابییەکەی ووت : ( ئەمە دایکتە .) ئیتر لەو کاتەوە قوتابییەکە بردیەماڵی خۆی .

دوای ئەوەی عیسا بینی هەموو شتێ تەواو بوو ، ووتی : ( تینوومە .) تا ئەوەی لە کتێبی پیرۆزدا باسکراوە بێتەدی . لەوێ قاپێکی پڕ لە سرکە هەبوو ، ئیسفەنجێکیان کرد بە سرکەکەوە و بە قامیشێک بەرزیان کردەوە بۆ دەمی .کاتێک عیسا دەمی لە سرکەکە دا ، ووتی : ( تەواو بوو ! ) ئینجا سەری دانەواند و رۆحی سپارد . جا چونکە ئەو رۆژە رۆژی خۆ ئامادە کردن بوو بۆ جەژنی تێپەڕ بوون ، رۆژێ دوای ئەوەش شەممەیەکی مەزن بوو ، هەروەها تا لاشەکان بە هەڵواسراوەیی لەسەر خاچەکان نەمێننەوە ، جوولەکەکان داوایان لە پیلاتۆس کرد قاچی لە خاچدراوەکان بشکێنرێ و لاشەکانیان هەڵگیرێ . ئینجا سەربازەکان هاتن و هەردوو قاچی ئەو دوو پیاوەیان

شکاند که لەگەڵ عیسا لە خاچدرا بوون . بەڵام کاتێک گەیشتنە سەر عیسا ، سەیریان کرد مردووە ، ئیتر قاچیان نەشکاند . ئینجا یەکێ لەسەربازەکان ڕمێکی کرد بە لاتەنیشتیا ، یەکسەر خوێن و ئاوی لێ هاتە دەرەوە . یۆحەننا **١٩**: ١- ٣٤.

ئیتر یۆحەننا قسەکانی دەربارەی دیمەنی لە خاچ دان کۆتایی پێ دەهێنێ بەم ووشانەی خوارەوە:جا ئەوەی ئەمەی بینی خۆی شایەتی ئەدا ، شایەتییەکەشی راستە ، خۆی بە تەواوی ئەزانێ کە راستی ئەڵێ ، هەتا ئێوەش باوەر بهێنن . ئەمەش روویدا تا ئەوەی لە پەرتووکی پیرۆزا باسکراوە بێتەدی : ( ئێسقانێکی لێ ناشکێ !) هەروەها لە شوێنێکی تر لە پەرتووکی پیرۆزا باسکراوە : (سەیری ئەوە دەکەن کە ڕمیان لێ دا)یۆحەننا **١٩**: **٣٥-٣٧**) . ئەمە شایەتی یەکێکە بە چاوی خۆی دیمەنی لە خاچدانەکەی بینیوە ، شایەتییەکەی جێگەی گومان نییە ، چونکە یەکێک بووە لە نێرراوانی مەسیح .

## بەڵگەی شەشەم

دەرکەوتنی مەسیح دوای هەستانەوەی ، بەتایبەتی دەرکەوتنی بۆ تۆمای قوتابی وە شاوڵی تەرسوسی کە دوایی بوو بە پۆڵسی نێرراوی یەزدان لەو بارەیەوە ئێمە ئەوەمان بەسە کە یۆحەننای نێرراو ، وە لۆقای مزگێنیدەر وە ئەوەی پۆڵسی نێرراو لە کرداری نێرراوانا ووتویەتی .

دەرکەوتنی مەسیح بۆ قوتابیەکانی یۆحەننای نێرراو ووتویەتی : کاتی نانخواردنی ئێوارەی یەکەم رۆژی هەفتە قوتابیەکان کۆبوونەوە ، دەرگاکان داخرا بوون لەترسی جولەکەکان ، عیسا هات لە ناوەراستیاندا وەستا و پێی ووتن سلاوتان لێ بێت . کاتێ ئەمەیووت دەست و لاتەنیشتی نیشان دان . قوتابییەکان دڵشاد بوون کاتێک خوداوەندیان بینی . ئینجا عیسا پێی ووتن : چۆن باوک منی ناردووە منیش ئاوا ئێوە ئەنێرم (. کاتێ ئەمەی ووت فووی لێکردن و پێی ووتن :( رۆحی پیرۆز وەرگرن . ئەوەی گوناهی ببەخشن بەخشراوە ، ئەوەی گوناهی نەبەخشن ، ئەوا نەبەخشراوە ! ) بەلام تۆما ، کە یەکێک بوو لە دوانزە قوتابییەکە وە ناسرا بوو بە دووانە ، لەگەڵ قوتابییەکان نەبوو کاتێ عیسا بۆلایان هات . قوتابییەکانی تر پێیان ووت ( ئێمە گەورەمان بینی ! ) ئەویش لە وەلاما ووتی : ( گەر نیشانەی بزمارەکان بە دەستییەوە نەبینم ، پەنجە

نەخەمە شوێنی بزمارەکانەوە ، دەست نەدەم لەلا تەنیشتی باوەڕ ناکەم !)

**دەرکەوتنی مەسیح بۆ تۆما**

دوای هەشت رۆژ ، کاتێ قوتابییەکان دووبارە لە ماڵەوە بوون تۆماشیان لەگەڵ بوو ، عیسا هات بۆلایان و دەرگاکانیش داخرابوون ، لە ناوەراستیانا وەستا و ووتی : ( ئاشتی بۆ ئێوە ! ) ئینجا بە تۆمای ووت : ( پەنجەت بێنە بۆ ئێرە ، سەیری دەستم بکە ، دەستت بێنە و بیدە لەلا تەنیشتم بێ باوەڕ مەبە بەڵکو باوەڕداربە !) ئەوسا تۆما هاواری کرد : ( ئەی خوداوەند و خودام ! ) لەویدا عیسا پێی ووت : ( ئایا لەبەرئەوەی منت بینی باوەڕت کرد خۆزگە ئەخوازرێ بەوانەی باوەڕ دەکەن بێ ئەوەی ببینن ! ) ( یۆحەننا **٢٠: ١٩- ٢٩** ) .

قوتابییەکان هەردوو دەست و لا تەنیشتی عیسای لە خاچدراویان بینی ، بە دڵنیایی بۆیان دەرکەوت ، ئەوەی لە خاچدرا لەسەر خاچەکە مەسیح خۆی بوو . وە لەناو مردووانا هەستایەوە . ئەو مەسیحەی کە لە خاچدرا بە راستی و تەواوی لەنێو مردووانا زیندوبوویەوە . لە خاچدان بەبێ هەستانەوە نرخی نییە ، لەبەرئەوە قوتابییەکان دڵشاد بوون کاتێ خوداوەندیان بینی . هەروەها تۆما جێ شوێنی بزمارەکانی بینی بە دەستی مەسیحەوە ، وە نیشانەی لێ دانی تەنیشتی .... بۆیە لە خۆشییا هاواری کرد

و پێی ووت : ( یەزدان و خوداوەندم ) . یۆحەننا **١٩: ٢٨.**
مەسیح دان هێنان بە لاهوتییا قبولْ کرد چونکە یەزدانی ڕۆڵەیە .

**دەرکەوتنی مەسیح بۆ دوو قوتابییەکەی عەمواس**

پێش ئەوەی بچینە سەر کرداری نێرراوان لێرا بەشی 24 ی ئینجیلی لۆقا ئەخەینە بەر دەستتان : ئافرەتەکان ، ڕۆژی یەک شەممە بەیانی زوو ، بە خۆیان و ئەو بۆن و بابەتی مانەوەی ئامادەیان کرد بوو ، هاتنە سەر گۆڕەکە . سەیریان کرد بەردی سەر گۆڕەکە لاچووە . بەڵام کە چوونە ژوورەوە سەیریان کرد تەرمەکەی عیسای خوداوەند نەماوە . کاتێ لەم کارە سەریان سوڕما بوو ، لەپڕ دوو پیاویان بە جلی بریسکەدارەوە بە تەنیشتی خۆیانەوە بینی . ترس دایگرتن و سەریان شۆڕکردەوە بۆ سەر زەوی ، دوو کابراکە ووتیان : ( بۆچی دەگەڕێن بە دوای یەکێکی زیندوو لە نێو مردوانا ؟

ئەو لێرە نییە ، زیندووبۆتەوە ، بیرکەنەوە لەوەی لە جەلیل پێی ووتن ، کاتێ ووتی : ڕۆڵەی مرۆڤ پێویستە بدرێ بە دەست گوناهبارانەوە ، ئینجا لە خاچ بدرێ و لە ڕۆژی سێهەم هەستێتەوە)، ئینجا قسەکانی عیسایان هاتەوە یاد . گۆڕەکەیان بەجێهێشت و گەڕانەوە ، هەواڵی هەموو ئەم شتانەیان بە یانزە قوتابییەکە و ئەوانی تر دا . ئەو

ژنانەش کە هەواڵی ئەم شتانەیان بە نێردراوان راگەیاند ، بریتی بوون لە مریەمی مەجدەلی و یۆنا و مریەمی دایکی یاقوب و هەندێک ئافرەتی تر کە لەگەڵیان هاتبوون . گێڕانەوەی قسەکانیان هەر لە وورێنەی ئەکرد ، بۆیە باوەڕ یان پێ نەکردن . ئینجا پەترۆس هەستا و رای کرد بۆسەر گۆڕەکە ، کاتێ دانەوییەوە تەنها ئەو کفنەی بینی کە تێیەوە پێچرا بوو ، ئینجا زۆر بە سەرسوڕمانەوە لەوەی کە روویدا بوو ، ئەوێی بەجێهێشت . دووان لە قوتابییەکان لەو رۆژەدا چوون بۆ دێی عەمواس ، کە تەنها حەوت میل لەقودسەوە دوور بوو . لەوێ باسی ئەو هەموو شتانەیان ئەکرد کە روویدا بوو . لەو کاتەدا قسەیان دەکرد ، عیسا خۆی نزیک بووەوە لێیان و لەگەڵیان رووی بە رێدا . بەڵام چاویان بەسترا لە ناسینی . عیسا لێی پرسین : ( ئەوە باسی چی دەکەن بە رێوە ؟ ) ئەوانیش بە دڵتەنگییەوە راوەستان ، یەکێکیان کە ناوی کیلۆپاس بوو ووتی : ( چیە ، دەڵێی تۆ نامۆیت لە قودس لات داوە ئاگات لەوە نییە کە لەم رۆژانەدا روویداوە ؟) ئەویش پێی ووتن : ( چی روویداوە ؟ ) ئەوانیش ووتیان . ( ئەوەی سەبارەت بە عیسای ناسیری روویداوە . پێغەمبەرێکی توانادار بوو لە قسەو کرداری لەلای خودا و هەموو گەل . بەڵام سەرۆک کاهینەکان و فەرمانڕەواکان دایان بە دەستەوە بۆ لە خاچدان و مردن . ئێمە هیوامان بەو هەبوو ، کە بە خوێنی

خۆی ئیسرائیل دەکڕێتەوە ، لەگەڵ ئەمانەشدا ئەمڕۆ سێهەم رۆژە ئەمە روویداوە . هەندێ لەو ئافرەتانەی لەگەڵمانن بە هەواڵێک زۆر سەرسامیان کردین ، چونکە بەیانی زوو چووبوونە سەر گۆڕەکە ، تەرمەکەیان نەبینی بوو ، ئینجا گەڕانەوە و ئەمەیان باس کرد و ووتیان : ئێمە دوو فریشتەمان بینی دەیان ووت : ئەو زیندووە . جا هەندێ لە ئێمە چوونە سەر گۆڕەکە و سەیریان کرد ئەوەی ئافرەتەکان گێڕایانەوە راستە و لە گۆڕەکەدا کەسیان نەبینی . ) لەویا عیسا پێی ووتن : ( ئەی تێ نەگەیشتوان ، ئەی کەم باوەڕان بە هەموو ئەوانەی کە پێغەمبەران باسیان کردووە ، ئەی باشە نەدەبوایە مەسیح ئەم ئازارانە بچێژێ و ئینجا بچێتە شوێنی شکۆمەندی خۆی . ) ئەوسا دەستی کرد بە روونکردنەوەی ئەو شتانەی لەسەری نووسراوە ، هەر لە تەوراتی موساوە تا گشت پەرتووکەکانی پێغەمبەران .

وورده وورده نزیک دەبوونەوە لەو دێیەی قوتابیەکان بۆی هاتبوون . عیسا وا خۆی نیشاندا ئەوئەڕوات بۆ شوێنێکی دوورتر . قوتابییەکان زۆریان لێ کرد و ووتیان : ( ئەوا رۆژ ئاوا دەبێت و تاریکی دایەت ، بمێنەوە لامان .) ئەویش بەمە رازی بوو ، لەگەڵیان هاتە ماڵەوە . کاتێ لەسەر خوان دانیشتن ، دەستی برد نانێکی هەڵگرت ، پیرۆزی کرد و لەتی کرد ، ئینجا دای پێیان . دەست بەجێ

چاویان کرایەوە و ناسییانەوە ، ئیتر لەبەر چاویان نەما . بە یەکتریان ووت : ( ئەمە بۆیە کاتێ قسەی بۆ دەکردین ، دڵمان لەناو سنگماندا وەک ئاگر گڕی گرتبوو .) دوای ئەمە یەکسەر هەستان و گەڕانەوە بۆ قودس ، سەیریان کرد یانزە قوتابییەکە و ئەوانەی لەگەڵیانن ،هەموو کۆبوونەتەوە ، دەیان ووت : ( راستە ! گەورەمان هەستاوەتەوە ، دەریش کەوتووە بۆ شەمعون .) ئینجا هەردووکیان دەستییان کرد بە گێڕانەوەی ئەوەی لە رێگا روویدا بوو ، هەروەها چۆن لە کاتی نان لەت کردنەکەدا ناسییانەوە .

جا کاتێک باسی ئەمەیان ئەکرد ، عیسا خۆی هاتە ناوەراستیان و لە نێوانیانا راوەستا ، پێی ووتن :( ئەوە بۆچی وا سەرتان لێ شێواوە ؟ بۆچی بیری وا دێ بە دڵتانا ؟ سەیری دەست و قاچم بکەن ، دەستم لێ دەن و دڵنیا بن کە من ئەوم ، چونکە رۆح گۆشت و ئێسقانی نییە وەک من ئێستا هەمە.) کاتێ ئەمەی ووت دەست و قاچی نیشان دان . لە خۆشی و سەرسوڕماندا بە تەواوی باوەڕیان نەدەکرد ، ئینجا پێی ووتن : ( هیچتان لێرە هەیە بخورێت ؟ ) ئیتر ئەوانیش پارچەیەک ماسی برژاویان دایە ، ئەویش لێی وەرگرتن و لەبەرچاویان خواردی . ئەوسا پێی ووتن : ( ئا ئەمەیە ئەو قسانەی بۆم دەکردن ، کاتێ لەگەڵتاندا بووم :( پێویستە هەموو ئەوانەی لە تەوراتی موسا و

پەرتووکی پێغەمبەران و زەبوور دەربارەی من نووسراون بێتەدی ئەو بەمە بیروهۆشی کردنەوە ، تا لە کتێبی پیرۆز تێ بگەن . پێی ووتن : ( ئاوەها نووسراوە ، پێویست بوو مەسیح ئازار بکێشێ و بمرێ و دوایی لە رۆژی سێهەمدا زیندوبێتەوە . هەروەها بە ناوی ئەوەوە تۆبە کردن و لێخۆش بوونی گوناە رابگەیندرێ بە هەموو گەلان ، بە دەست پێ کردن لە قودسەوە . ئێوە شایەتی ئەم شتانەن . ئەوەی باوکم بەڵێنی پێ دابوو من خۆم بۆتانی ئەنێرم ، بەڵام جارێ لەناو شار بمێننەوە ، تا ئەو کاتەی لە ئاسمانەوە جلی بەهێزتان لەبەر دەکرێت .) دوای ئەمە پێشیان کەوت و بردنی بۆ دێی بەیت عەنیا ، دەستی بەرزکردەوە و پیرۆزی کردن . لەو کاتەدا کە پیرۆزی دەکردن ، لێیان جیابوەوە و بەرزبوەوە بۆ ئاسمان . چۆکیان بۆ داداو ئیتر زۆر بە شادییەوە گەڕانەوە بۆ قودس . بە بەردەوامیش دەرۆیشتن بۆ پەرستگا و ستایشی یەزدانیان دەکرد . ( لۆقا ٢٤: ١- ٥٢ ) .

لەم بەشەدا ئەم ووشانەی خوارەوە سەرنجمان رادەکێشێت : عیسا دەستی کرد بە روونکردنەوەی ئەو شتانەی لەسەری نووسراوە ، هەر لە تەوراتی موساوە تا گشت پەرتووکەکانی پێغەمبەران . (لۆقا ٢٤ : ٢٧ )

هەروەها ئەم ووشانە : عیسا پێی ووتن : ( ئا ئەمەیە ئەو قسانەی بۆم دەکردن ، کاتێ لەگەڵتانا بووم : پێویستە

هەموو ئەوانەی لە تەوراتی موسا و پەرتووكی پێغەمبەران دەربارەی من نووسراون بێتەدی . ئینجا بیرو هۆشی كردنەوە، تا پەرتووكی پیرۆز تێ بگەن . ( لۆقا٢٤: ٤٤-٤٥ ) ئەوەی بەسەر مەسیحدا هات لە كاتی لەدایك بوونییەوە لە مریەمی داوێن پاكی كچ هەتا بەرزبوونەوەی بۆ ئاسمان پێغەمبەران پێشبینییان لێ كردووە .شایەتی پێغەمبەرانیش شوێنی بڕوایە . . ئەوەی رەتی بكاتەوە حوكم بەسەر خۆیدا ئەدات بە لەناوچوونی هەتاهەتایی .ئینجیلی لۆقا ٣١:١٦

دەركەوتنی مەسیح بۆ شاوڵی تەرتۆسی كە بوو بە پۆڵسی نێرراو ئێستا دێنە سەر دیمەنێك كە ژیانی شاوڵی تەرتۆسی گۆڕی ئەوەی توندرەوی چاوی كوێر كرد بوو، ئەوەی كە درۆی دروست ئەكرد دژی مەسیحییەكان و ئەی چەوساندنەوە لە قودس ، وای لێهات بانگەواز بۆ مەسیحی لە خاچدراو بكات و بۆ باوەڕدارانی كۆرنسۆس بنووسێ و بڵێ : منیش ئەی برایان ، كاتێ هاتم بۆ لاتان بۆ راگەیاندنی شایەتی یەزدان ، ئەمەش بە ووشەی دانایی و پاراو و پڕ لە واتاوە نا ، چونكە من بڕیاری ئەوەم داوە باسی هیچتان بۆ نەكەم جگە لە عیسای مەسیح و لە خاچدانی . (١ كۆرنسۆس ٢: ١ – ٢ ) . هەروەها لەو بارەیەوە لە كرداری نێرراوان ٩: ١-٢٠ئەم ووشانە ئەخوێنینەوە : هێشتا شاوڵ دڵی پڕ بوو لە هەڕەشە و كوشتن بەرامبەر قوتابییەكانی خوداوەند .

لەبەرئەوە چووەلای سەرۆک کاهین ، داوای نامەی لێ کرد بۆ کەنیسەکان لە دیمەشق تا ئەوانەی شوێنی ئەم رێگایە کەوتوون لە ژن و لە پیاو گرتنیان ئاسان بێ ، هەروەها لە هەر شوێنێک بیانبینێ بە زنجیرکراوی بیانبات بۆ قودس . کاتێ بەرەو دیمەشق دەرۆیشت و لێی نزیک بوەوە لە پڕ رووناکییەک لە ئاسمان بریسکەی دایەوە ، ئیتر کەوت بە زەویدا و گوێی لە دەنگێک بوو پێی ووت : ( شاول ! شاول ! بۆچی دەم چەوسێنیتەوە ؟ ) ئەویش پرسیاری کرد : ( تۆ کێیت ئەی گەورەم ؟ ) جا دەنگەکە وەڵامی دایەوە : ( من عیسام ئەوەی تۆ دەیچەوسێنیتەوە . بەڵام هەستە ، برۆ ناو شار لەوێ پێت دەوترێ چی دەبێ بکەیت .) جا ئەوانەی لەگەڵ شاوڵ بوون بە سەرسامی وەستان و قسەیان نەکرد ، ئەوان دەنگەکەیان بیست بەڵام کەسیان نەبینی . کاتێ شاوڵ هەستایەوە ، چاوی کردەوە

سەیری کرد هیچ نابینێ ، ئەوانی تر دەستیان گرت و بردیان بۆ دیمەشق ، لەوێ سێ رۆژ مایەوە هیچی نەبینی ، هەروەها هیچی نەخوارد و هیچی نەخواردەوە . لە دیمەشق قوتابییەکی خوداوەند هەبوو ناوی حەنانیا بوو ، لە خەوا خوداوەند بانگی کرد : ( حەنانیا ! ) ئەویش ووتی : ( ئەوە منم ئەی خوداوەند !) ئیتر خوداوەند پێی ووت : ( برۆ بۆ ئەو شەقامەی بە راست ناسراوە لە ماڵی یەهوزا پرسیار لە پیاوێکی تەرتوسی بکە ناوی شاوڵە وا لەوێ نوێژ

دەكات . لە خەوا بینیویەتی پیاوێک ناوی حەنانیایە دەچێتە لای و دەستی دەخاتە سەر ئەوسا دەبینێ .) حەنانیا بە خوداوەندی ووت :( بەڵام ئەی خوداوەند ، لە زۆر کەس ئەو خراپانەم بیستووە کە ئەم پیاوە لە قودس کردوویەتی بەرامبەر بە خوشک و برا پیرۆزەکانت ، هەروەها سەرۆک کاهینەکان دەسەڵاتی ئەوەیان داوەتێ ، هەر کەسێک ناوت بهێنێ بیگرێ .) خوداوەند فەرمانی پێ دا : ( برۆ! من ئەم پیاوەم هەڵبژاردووە وەک ئامێرێک بۆ هەڵگرتنی ناوی من بۆ میللەتان و بۆ پادشایان و بۆ نەوەی ئیسرائیلیش . نیشانی ئەدەم چەند دەبێ ئازار بکێشێ لە پێناوی ناوی منا . ئیتر حەنانیا رۆیشت و چووە ماڵی یەهوزا ، دەستی خستە سەر سەری شاوڵ و ووتی : ( ئەی شاوڵی برا ، عیسای خوداوەند ئەوەی لەو رێگایەی پێایدا هاتی خۆی نیشان دایت ، منی ناردووە بۆ لات تا چاوت چاک بێتەوە و ببینیت و دەروونت پڕ بێت لە رۆحی پیرۆز . دەست بەجێ لە هەردوو چاوی شاوڵ شتێک کەوتە خوارەوە وەک توێکل وا بوو ، ئەوسا چاوی چاک بوەوە و بینی ، ئیتر هەستا و لە ئاو هەڵکێشرا . دەستی کرد بە نان خواردن و هێز هاتەوە گیانی و چەند رۆژێک لەگەڵ قوتابییەکان لەدیمەشق مایەوە . یەکسەر شاول لە کەنیسەکاندا دەستیکرد بە راگەیاندنی ئەوەی کە عیسا رۆڵەی یەزدانە . ( کرداری نێرراوان ٩: ١-٢٠)

چەند جارێک مەسیح دەرئەکەوێ پۆڵس دوای هەستانەوەی مەسیح بەم شێوەیە باسی دەرکەوتنی ئەوی کردووە : ئەی برایان ، ئەوەتان بیردەخەمەوە کە بۆم هێناون و مزگێنیم پێدان ، ئەوەی وەرتان گرت و هەتا ئێستا لەسەری چەسپاون . گەر هاتوو بە بەردەوامی لەسەر ئەو ووشانە رۆیشتن بەوشێوەیەی مزگێنیم پێدان ، ئەوسا رزگارتان ئەبێت ، ئەگینا بە خۆڕایی باوەڕتان هێناوە . چونکە ئەوەم پێم دان کە لە سەرەتاوە وەرم گرتبوو ، ئەوەش ئەوەیە بە پێی نووسراوی پێغەمبەران مەسیح مرد لە پێناوی گوناهەکانمانا ، وە ئەو نێژرراو لە رۆژی سێهەما هەستایەوە ، ئینجا بۆ پەترۆس و دوایی بۆ دوانزە قوتابییەکەی دەرکەوت ، پاشان بۆ زیاتر لە پێنج سەد لە برایان دەرکەوت کە بە یەکەوە بوون ، لەوانە هێشتا زۆربەیان دەژین ، بەڵام هەندێکیان نووستون ، دوایی بۆ یاقوب دەرکەوت ، ئینجا بۆ هەموو نێرراوان ، پاش هەمووان بۆ منیش دەرکەوت ، وەک منداڵێک لە کاتی خۆی لە دایک نەبووبێ . چونکە من بچووکترین نێرراوم ، هەروەها شایانی ئەوە نیم بە نێرراو ناو ببرێم ، لەبەرئەوەی من کۆمەڵەی باوەڕدارانم لە کاتی خۆیا چەوساندۆتەوە . (١کۆرنسۆس ١٥: ١ ) ئەم قسەیە دووبارە ئەکەمەوە ئەو مەسیحەی لە خاچدرا هەمان کەس بوو کە لە نێوان مردوانا زیندوبوویەوە بەرزکرایەوە بۆ ئاسمان .

دەرکەوتنی مەسیح دوای هەستانەوە و بەرزبوونەوەی بۆ ئاسمان بۆ شاوڵی تەرتۆسی ، ئەوەی لەدوایدا بوو بە پۆڵسی نێرراو ، ئەمەش نهێنی گۆڕانێکی سەرسوڕهێنەر بوو کە لێی روویدا ...وە نهێنی گۆاستنەوەی بوو لە سەربازی چەوساندنەوە بۆ دواکەوتنی مەسیح بۆ سەربازی چەوسێنراوە لە پێناوی مەسیحدا . تیمۆساوس ١: ١٢-١٦،٢کۆرنسۆس ١١: ٢٣-٣٣ ، (٢کۆرنسۆس ١٢: ١٠ ) .

**بەڵگەی حەوتەم**

هاتنە خوارەوەی رۆحی پیرۆز لە رۆژی پەنجاهەمیندا وە رازی بوونی نێرراوانی مەسیح بە چەوساندنەوە و ئێش و ئازار وە شەهید بوون لەپێناویا ، وە بوونی کڵێسەی مەسیحی هەتا ئەمڕۆ مەسیح پێش لە خاچدانی و هەستانەوەی و بەرزبوونەوەی بۆ ئاسمان بە قوتابییەکانی ووتوە : بەلاّم من راستیتان پێ ئەڵێم : باشتر وایە بۆتان کە بڕۆم ، چونکە ئەگەر من نەڕۆم یارمەتیدەرتان بۆ نایەت . بەلاّم گەر بڕۆم بۆتانی دەنێرم . کاتێ ئەو بۆ جیهان دێ ، جیهان سەرزەنشت ئەکات لەسەر گوناهو راست و دروستی و حوکمدان ، لەسەر گوناە لەبەرئەوەی باوەڕم پێ ناهێنن .لەسەر راست و دروستی لەبەرئەوەی دەچمە لای باوک و ئیتر نامبینن . لەسەر حوکمدانیش لە بەرئەوەی سەرۆکی ئەم جیهانە حوکمی بەسەرا دراوە . هێشتا شتی زۆرم هەیە پێتانی بڵێم ، ئێستا ناتوانن بەرگەی بگرن .

بەڵام کاتێ رۆحی راستی بۆلاتان دێ ، بەرەو هەموو راستیەکتان ئەبات ،چونکە لەخۆیەوە هیچ ناڵێ ، بەڵکو ئەوەی گوێی لێ دەبێ پێتانی رادەگەیەنێ ، ئەوەی لە دواییدا رووئەدات پێتانی دەڵێ . ئەو شکۆدارم دەکات چونکە هەموو ئەوەی بۆتانی باس دەکات لە منەوەیە یۆحەننای (١٦: ٧-١٤) .

ئەوسا لە باوکم داوا ئەکەم یارمەتیدەرێکی ترتان بداتێ و تا هەتایە لەگەڵتانا بمێنێتەوە ، ئەوەش رۆحی راستییە ، کەوا جیهان ناتوانێ وەریگرێ چونکە نایبینێت و نایناسێت بەڵام ئێوە دەیناسن لەبەرئەوەی لەگەڵتانا دەمێنێتەوە و لەناوتانا دەبێت . ( یۆحەننا ١٤ : ١٦ و ١٧ ) . وە پێش بەرزبوونەوەی بۆ ئاسمان رای سپاردن و پێی ووتن : ( قودس بەجێ مەهێڵن ، بەڵکو تیایدا چاوەڕێی بەڵێنی باوکم بکەن ، وەک لە پێشا لە منتان بیستووە . یەحیا خەڵکی لە ئاو هەڵدەکێشا ، بەڵام ئێوە پاش چەند رۆژێکی کەم لە رۆحی پیرۆز هەڵدەکێشرێن . کرداری نێرراوان(١: ٤ و ٥ ). مەسیح پەیمانی دا بە قوتابییەکانی دوای بەرزبوونەوەی بۆ ئاسمان رۆحی پیرۆزیان بۆ ئەنێررێ رۆحی پیرۆز ئەوەی مەسیح پەیمانی ناردنی دا مرۆڤ نییە چونکە عیسا لەبارەیەوە ووتویەتی: ( کەوا رۆحی راستییە ) وە جیهان ( نایبینێ ) یەکێکی نەبینرراوە .... ئەو رۆحە . وە مەسیح شکۆدار ئەکات ( ئەوەی شکۆدارم

ئەکات ) ، هەروەها یادی قوتابییەکانی خستەوە هەموو ئەوەی پێی ووتبوون .... وە بەم توانا یەزدانییە نێرراوان ووشەکانی مەسیحیان بیرکەوتۆتەوە لە مزگێنیەکانیاندا زۆر بە ووردی تۆماریان کردووە .

لە کۆتاییدا مەسیح بە قوتابییەکانی ووت لە قودس چاوەڕێ بکەن هەتا رۆحی پیرۆز ئەڕژێ بە سەریاندا ، وە ئەو رۆحە لە پاش چەند رۆژێک لەناویانا جێگیر دەبێ .

پەیمانی مەسیح بە ناردنی رۆحی پیرۆز پێشبینی نەبوو دەربارەی هاتنی مەحەمەد پێغەمبەر ، مەحەمەد دوای مەسیح بە شەش سەد ساڵ هاتووە ... بەڵام رۆحی پیرۆز هاتەخوارەوە بۆ قوتابییەکان لە رۆژی پەنجاهەمیندا واتە دوای بەرزبوونەوەی مەسیح بۆ ئاسمان بە دە رۆژ بە تەواوی وەک مەسیح پەیمانی پێدا بوون .

هاتنە خوارەوەی رۆحی پیرۆز لە رۆژی پەنجاهەمینا زۆر کەس بینیویانە ، کرداری نێرراوان ئەو رووداوە مەزنەی بەم شێوەیەی خوارەوە تۆمار کردووە : کە رۆژی پەنجاهەمین هات ، هەموو باوەڕداران لە یەک شوێن کۆبوونەوە ، لە پڕێکدا دەنگێک لە ئاسمانەوە پەیدا بوو وەک رەشەبا ، ئەوماڵەی پڕ کرد کە تیا دانیشتبوون . ئینجا چەند زمانێک هەروەک لە ئاگر بێت دەرکەوت بۆیان دابەش بوو بە سەریانا و هەر یەکە زمانێکی لەسەر نیشتەوە . ئەوسا هەموویان پڕ بوون لە رۆحی پیرۆز ،

دەستیان کرد بە قسەکردن بە زمانی جۆراوجۆر ، بەو شێوەیەی رۆح پێی بەخشیبوون .
لەو کاتەدا ژمارەیەکی زۆر لە جولەکە لە خوا ترسەکانی هەموو نەتەوەکانی جیهان لە قودس نیشتەجێ بوون . کاتێک ئەو دەنگە روویدا ، خەڵکەکە هاتنە لایان ، هەموو سەریان سوڕما لەبەرئەوەی هەر یەکەیان گوێیان لێ بوو بە زمانی خۆیان دەدوێن . سەرسامی دایگرتن و دەستیان کرد بە پرسیار کردن : ( ئایا هەموو ئەوانەی قسە دەکەن دانیشتوانی جەلیل نین ؟ ئیتر چۆن هەریەک لە ئێمە گوێی لە زمانی ئەو وڵاتە دەبێ کە تیا لە دایک بووە ؟ ئێمە خەڵکی پەرتیا و میدیا و ئیلامین ، هەندێکیشمان لە دانیشتوانی نێوان دیجلە و فوراتین یاخود لە ناوچەی یەهودیە و کەپدوکیە و پونتس و ئاسیا ، یان لە فرجیە و پەمفیلیە و میسر و ناوچەی لیبیای دراوسێی قەیرەوان ، هەروەها لەگەڵمانا خەڵکی رۆماش هەیە بەسەردان هاتوون لەگەڵ جولەکەو ئەوانەی بووبوون بە جولەکە ، هەروەها هەندێ لە کریتییەکان و عەرەب . جا ئەوەتا گوێمان لێیانە بە زمانی خۆمان قسە دەکەن دەربارەی کردارە مەزنەکانی خودا ). ئیتر خەڵکەکە بەسەرسامییەوە دەستیان کرد بە پرسیار کردن لە یەکتری:( ئەمانە هەمووی چی دەگەیەنێت؟ ) بەڵام هەندێکیان بە گاڵتە پێ کردنەوە وتیان : ( ئەوانە سەرخۆشن ). جا پەترۆس لەگەڵ دوانزە

نێرراوەکە راوەستا ، بە دەنگێکی بەرز قسەی بۆ ئامادەبووان کرد و ووتی : ( ئەی پیاوانی جولەکە و هەموو دانیشتوانی قودس گوێ بگرن بۆ قسەکانم ئا ئەوەی پێتان دەڵێم زانراو بێت لاتان ، چونکە ئەوانە سەرخۆش نین وەک بیردەکەنەوە ، هێشتا کاژێری نۆی بەیانییە . بەڵام ئەوەی ووتراوە بە زمانی پێغەمبەر یۆئیلەوە : ( یەزدان دەڵێ : لە رۆژانی کۆتاییدا رۆحم دەرێژم بەسەر هەموو مرۆڤدا و کوران و کچانتان بە ووشەی یەزدان دەدوێن . هەروەها گەنجەکانتان بینین دەبینن و پیرەکانتان خەو دەبینن . لەو رۆژانەدا رۆحم دەرێژم بەسەر هەموو دەست و پێوەندەکانم ، لە ژن و لە پیاو ، جا هەموویان بە ووشەی یەزدان دەدوێن . (کرداری نێرراوان ٢: ١–١٨).

## مۆری یەزدان لەسەر ئاینی راستی خودایی

رۆحی پیرۆز هاتە خوارەوە بۆ سەر قوتابییەکانی مەسیح لە شێوەی( زمانی دابەشکراودا، هەروەک لە ئاگر بێت، ئینجا لەسەر هەریەکەیاندا نیشتەجێ بوو، وە هەموو لەشیان پڕ بوو لە رۆحی پیرۆز.

بەم دەرکەوتنە سەرسوڕهێنەرەی رۆحی پیرۆز ، یەزدان مۆری لەسەر مەسیحییەت دا ، دەست نیشانی کرد کەوا ئاینێکی ئاسمانییە ، بە تەواوی بەو شێوەیەی مۆری لەسەر

ئاینی جولەکە دا ... دوای ئەوەی هارون سەرۆکی کاهینەکان قوربانی پێشکەش کرد ، خوێنەکەی پڕژاند بەسەر قوربانگاکەدا . بەم شێوەیە لە سێهەم پەرتووکی موسا ( لیڤیەکان ٩، ٢٣-٢٤)ئەیخوێنینەوە : موسا و هارون چوونە چادری کۆبوونەوە . کاتێ هاتنە دەرەوە و گەلەکەیان پیرۆز کرد ، شکۆی یەزدان بۆ هەموو گەلەکە ( واتە ئیسرائیلییەکان ) دەرکەوت . گڕی ئاگر لە خوداوەندەوە هاتەدەرەوە گۆشتی قوربانی و چەوریێکەی برژاند . کاتێ هەموو گەل ئەمەیان بینی هاواری خۆشییان کرد و کەوتن بە دەمدا .

یەزدان مۆری دا لەسەر راستی جولەکە بە ناردنی ئاگر لەلایەن خۆیە بۆ سوتاندنی گۆشتی قوربانییەکە . ... وە مۆری دا لەسەر راستی مەسیحییەت بە ناردنی رۆحی پیرۆز ( زمانی دابەشکراو هەروەک لە ئاگر بێت ) . بەڵام ئێمە هیچ شتێکی سەرسوڕهێنەر ناخوێنینەوە کە لە کەعبەدا روویدا بێت دوای ئەوەی محمد بە سوپاکەیەوە چووە ناوی و ئەو بتانەی تیا بوو تێکی شکاند ... یەزدان مۆری راستی ئیسلامی نەکردووە ، بەکارێکی سەرسوڕهێنەر کە ئامادەیی یەزدان لە کەعبەدا دەربخات . بەڵام لە سەرەتای مەسیحییەتدا رۆحی پیرۆز رژا بەسەر قوتابییەکاندا کاتێ لە قودس بوون ، پاش بەرز بوونەوەی مەسیح بۆ ئاسمان بە دە رۆژ . چەوسانەوە و شەهید بوونی ئەوانەی

باوەڕیان بە مەسیح هێنا پاش ئەوەی رۆحی پیرۆز رژا بەسەر نێرراوانی مەسیح و قوتابییەکانی ، ترسەکەیان گۆڕا بە ئازایەتی ، وە لاوازییان بە هێز ، ئینجا چوونە سەر شەقامەکانی قودس و بانگەوازیان بۆ مەسیحدا ئەوەی لە خاچدرا و لە نێو مردوانا هەستایەوە ، ئیتر پەیامەکەیان گەیشتە ئەوپەڕی زەوی و مەسیحییەت بەبێ شیرو بەبێ شەڕ بڵاوبوویەوە . جگە لەمانە هەمووی نێرراوانی مەسیح وە ئەوانەی باوەڕیان پێ هێنا بە هۆی پەیامەکەیانەوە ئێش و ئازارو چەوسانەوەی زۆریان چەشت . وە شەهید بوون لە پێناوی مەسیحی لە خاچدراوا . جا وەرە لەگەڵمدا با بیخوێنینەوە ئەوەی بەسەر نێرراواندا هات لە سەرەتای مزگێنی دانیان بەمەسیحی لە خاچدراوا ... ئەمەش لە کرداری نێرراوانا بەم شێوەیە تۆمار کراوە : کاتێک سەرۆکی پاسەوانی پەرستگاو سەرۆک کاهین ئەمەیان بیست سەریان سوڕما ، پرسییان : ( چۆن شتی وا ئەبێت ؟ ) ئینجا پیاوێک هاتە ناو کۆڕەکەوە ووتی : ( ئەو پیاوانەی خستبووتانە ناو بەندیخانە ئێستا لە پەرستگا وەستاون و خەڵکی فێردەکەن .) ئەوسا سەرۆک پاسەوانەکان و ئەفسەرەکان رۆیشتن نێرراوانیان بێ توند و تیژی هێنا چونکە لەگەڵ ئەترسان بەردبارانیان بکەن . کاتێ رایان گرتن لەبەردەم کۆڕەکەدا ، کاهینی بەرز لێیانی پرسی و ووتی : ( بە توندی فەرمانمان پێدان بەم ناوە خەڵکی

فێرمەکەن ، بەڵام ئێوە هەموو قودستان پڕ کرد لە فێرکردنەکانتان ، دەتانەوێ خوێنی ئەو پیاوە بخەنە ئەستۆمان )، پەترۆس و نێرراوان وەلامیان دایەوە : ( ئێمە پێویستە ملکەچی یەزدان بین نەک هی خەڵک ! ) ئەو عیسایەی ئێوە لەسەر دار هەڵتان واسی . خودای باوک و باپیرانمان لە نێو مردوانا زیندووی کردەوە . هەروەها یەزدان بەرزی کردەوە بۆلای دەستە راستی خۆی ، کردی بە سەرۆک و رزگارکەر هەتا تۆبەکردن و لێخۆشبوونی گوناهـ بە ئیسرائیل ببەخشێ . جا ئێمە شایەتی ئەمە ئەدەین ، هەروەها رۆحی پیرۆزیش شایەتی ئەمە ئەدات ، ئەوەی خودا بەخشیویەتی بەوانەی ملکەچن بۆی )،کاتێک ئەوانەی کۆبووبوونەوە لەوێ گوێیان لەم قسانە بوو زۆر تووڕە بوون ، ویستیان نێرراوان بکوژن . بەڵام یەکێ لە ئەندامانی ئەنجومەنەکە ناوی غەمالائیل بوو ، فەریسی و مامۆستای شەریعەت بوو ، هەموو گەل رێزی لێدەگرت ، هەستا و فەرمانی دا نێرراوان بۆ ماوەیەک ببرێنە دەرەوە . ئینجا بە ئەنجومەنەکەی ووت : ( ئەی پیاوانی ئیسرائیل ، ئاگادار بن لەوەی ئەتانەوێت بەم پیاوانەی بکەن . ماوەیەکی کورت لەمەوبەر سوداس ناوێک هەستا و خۆی بە شت دائەنا ، نزیکەی چوارسەد پیاو دوای کەوتن ، بەڵام کوژراو ئەوانەی دوایشی کەوتبوون بڵاوبوونەوە ، ئیترناوی نەما . ئینجا لە کاتی ناونووسینەکەدا یەهوزای

جەلیلی هەستا و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی روویان تێکرد و شوێنی کەوتن ، بەڵام ئەویش لەناوچوو هەروەها ئەوانەی شوێنی کەوتبوون بڵاوبوونەوە . جا ئێستا من ئامۆژگاریتان ئەکەم ، دووربکەونەوە لەو پیاوانە و وازیان لێ بهێنن . گەر ئەو بیروباوەڕو کارە لەلایەن خەڵکەوە بێت مسۆگەر لەناو دەچێ ، بەڵام گەر لەلایەن یەزدانەوە بێ هەرگیز ناتوانرێ بەرامبەری رابوەسترێ ، یاخود ئەتانەوێ ببنە دوژمنی یەزدانیش ).ئیتر ئەندامانی ئەنجومەنەکە بەم ئامۆژگارییە کاریان کرد و نێرراوانیان بانگ کرد ، قامچییان لێدان و فەرمانیان پێدان لەمەولا بە ناوی عیساوە کارنەکەن . دوایی ئازادیان کردن . بەڵام نێرراوان بە دڵشادییەوە لە هۆڵی دادگاکا هاتنە دەرەوە ، چونکە یەزدان مافی ئەوەی پێدابوون بە سووکی سەیربکرێن لەبەر ناوی عیسا . ئیتر ئەوان بێ ووچان هەموو رۆژێک لە پەرستگا و لەماڵان خەڵکیان فێردەکرد و رایان دەگەیاند کە عیسا مەسیحە . کرداری نێرراوان **٥: ٢٤-٤٢**.

جگە لەو کارە سەرسوڕهێنەرە زۆرانەی کە نێرراوان بە ناوی عیسای مەسیحەوە کردیان ، پەترۆس بەناوی عیساوە پیاوێکی شەلی چاک کردەوە کە بە شەلی لە دایک بوو بوو ، کرداری نێرراوان **٣: ٦**، وە ئینیاس کە هەشت ساڵ بوو ئیفلیج بوو لەناو جێگەدا کەوتبوو ، کرداری نێرراوان **٩: ٣٣**. هەروەها رۆحی جادوگەرێتی لە کچێکی کارەکەر

دەرکرد لە شاری فلیبی کرداری نێرراوان ١٦: ١٨.ئەو عیسایەی لە خاچدرا ..... لە نێو مردوانا هەستایەوە و بەرزبوویەوە بۆ ئاسمان ... ناوی ئەو کاری سەرسوڕهێنەری کردووە و ئەیکات . وە ئەو ژیانە پیرۆزەی مەسیحیەکانی سەدەی یەکەم ژیاون و شەهید بوونیان لە پێناوی مەسیحی لە خاچدراوا ، بەهێزترین بەڵگەیە ئەوەی لە خاچدرا مەسیح خۆی بووە .

لەگەڵ ئەمانەشدا هەمووی پەترۆسی نێرراو بە شەهیدی مرد لە خاچیان دا .... هەروەها نیرۆن سەری پۆڵسی نێرراوی بە شیر بڕی ... وە دۆمیتیانی ئیمبراتۆر ، یۆحەننای نێرراوی دوورخستەوە بۆ دورگەی بەتمس .

مەسیحییە یەکەمینەکان رازی بوون بەوەی لە ژێرزەمینی تاریکی رۆمەکانا بژین ، لەبەر خۆشەویستی مەسیح کە لە پێناویاندا مرد و زیندوبوویەوە .

وە مەسیح لە دورگەی بەتمس بۆ یۆحەننا دەرکەوت و هەموو بەشەکانی بینینی یۆحەننادایە کە دوا بەشی پەرتووکی پیرۆزە .. ئەم بەشە کە هیچ رێگەیەک بە گومان نادات و ئەوە دەرئەخات مەسیح دوا نێرراوە کە باوک ناردویەتی بۆ دانیشتوانی سەر زەوی، وە ئەوەی دوای ئەو بێ وبانگەوازی ئاینێکی تازە بکات بە دڵنیایی پێغەمبەرێکی درۆزنە . ( بینینی یۆحەننا ٢٢: ١٣).

کڵێسەی مەسیحییەت بەردەوامە هەتا ئەمڕۆ هەرچەندە تووشی زۆر چەوساندنەوە بووە . هێشتا پەیامی رزگاری بە خوێنی مەسیحی لە خاچدراو ، پەیامی سەرەکییە کە مزگێنیدەرەکان بانگەوازی پێ ئەکەن .

**بڕیارێکی راست دەربارەی لە خاچدانی مەسیح**

تا دادگا بتوانێت دەربارەی مەسەلەیەک بەپاکی و دادپەروەری حوکم بدات پێویستی بە شایەتی دووان یاخود سیان هەیە . ( ووتەکان **١٩: ١٥**) ... ئەو شایەتە سەرراستانەی شایەتییان بۆ لەخاچدانی مەسیح داوە ژمارەیەکی کەم نەبوون هەر ئەوانە بوون مۆری شایەتییەکەیان کرد بە مردنیان لە پێناوی مەسیحی لە خاچدراوا . وە شایەتەکانی ئەم راستییە ، ئەوەی لە خاچدرا لەسەر خاچ عیسای مەسیح خۆی بوو ، کەسی کە نەبوو ئەمانە بوون : مەتتا ، مەرقۆس ، لۆقا، یۆحەننا پەترۆس و پۆڵس ، .... جا چۆن ئێمە شایەتی ئەم شایەتە سەرراستانە رەت بکەینەوە ؟ واتە دەربارەی راستی لە خاچ دانی مەسیح وە باوەر بکەین بە پیاوێک نزیکەی شەش سەد ساڵ دوای ئەو هاتووە ، وە هەرگیز لە زەوی ئیسرائیلدا نەژیاوە ، ئەم ووشانەی قبوڵ بکەین کە ئەڵێ : وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَـٰكِن شُبِّهَ لَهُمۡ).

بەڕێزان:

ئەم نامیلکەیە وەرگێڕداوە لەلایەن: بەشی کوردی
www.erf.de (ERF Medien Deutschland)

وەلەسەر ئەرکی کڵێسای کوردی ئینجیلی لە سویسرا
بە چاپ گەیەنراوە.

بۆ زانیاری ڕۆحی زیاتر دەتوانن بەم ناونیشانانە پەیوەندیمان پێوە بکەن: بە ئیمایل
Jesus4kurd@gmail.com
www.klesay kurdiengili.ch.vu

خوێنەری ئازیز

دەتوانن کە ئەم پەڕتووك و نامیلکانەی خوارەوە داوا بکەن، ئێمە بۆتان دەکەینە دیاری بەبێ بەرامبەر.

- □ پەیمانی نوێی پەڕتووکی پیرۆز
- □ نامیلکەی چ بیرێك دەکەیتەوە لە مەسیح
- □ نامیلکەی خاچ لە ئنجیل و قورئاندا
- □ دەتانەوێت بەتایبەتی پەیوەندیتان پێوە بکەین.

**ناو: ..............................**
**شەقام: ...................................ژمارەی خانوو: .......**
**کۆد و ناوی شار: .......................................**
**وولات: ..............................**
**ساڵی لەدایک بوون: ...............................**
**ژمارەی تەلەفۆن: .........................................**


ناونیشانمان:

**8554, CH- 2500 Biel 8 DCL, P.O.Box Switzerland**

**بە ئیمایل:** **info@dclit.net**